گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# رۆڵی پێرفۆرمانس لە وەچەرخانی هونەری شێوەکاری هاوچەرخی کوردیدا

**ترێ شوان عبدالله**
بەشی شێوەکاری , کۆلێژی هونەر , زانکۆی صلاح الدین - هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
Tre.abdullah@su.edu.krd

**پ.ی.د. سامی اسماعیل مصطفی**
بەشی شێوەکاری , کۆلێژی هونەر , زانکۆی صلاح الدین - هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
Sami.mustafa@su.edu.krd

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢٥/٥/٢٦
پەسەندکردن:٢٠٢٥/٧/٢٠
بڵاوکردنەوە: پایز ٢٠٢٦

**ووشە سەرەکییەکان**
پیرفۆرمانس ،هونەری هاوچەرخ

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.11.4.6

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە بە واتای لێکۆڵینەوەیە لە (رۆڵی پێرفۆرمانس لە وەچەرخانی هونەری شێوەکاری هاوچەرخی کوردیدا)، کە لە چوار بەشی سەرەکی پێکهاتووە، بەشی یەکەم بریتییە لە تەوەرەکانی تایبەت بە چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە، کە پێکهاتووە لە کێشەی توێژینەوە، گرنگی توێژینەوە وئامانجی توێژینەوە وسنووری توێژینەوە، لەگەڵ پێناسە کردنی زاراوەکان، لە کێشەی توێژینەوە سێ پرسیار خراوەتە ڕوو، یەکەمیان: ئایا هونەری پێرفۆرمانس لە نێو هونەرمەندانی هاوچەرخی کورددا گەیشتووەتە ئاستێک کە تایبەتمەندی و ناوازەی بەرجەستە بکات؟ دووەمیان: ئایا پێرفۆرمانس وەک چەمکێکی هونەری نوێ، تا چەند لەکارە هونەرییەکانی هونەرمەندانی کورد بەرجەستە بووە؟ سێیەمیان: ئایا کاری هونەری پێرفۆرمانسی هونەرمەندانی کورد لەگەڵ باروودۆخی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردیدا دەگونجێ؟ سەبارەت بە گرنگی توێژینەوە، بە هەندێک چەمک کورتکراوەتەوە، کە گرنگترینیان کار لەسەر ئەو هۆکارە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جۆراوجۆرانە دەکات کە بەشدارن لە سەرهەڵدان و گرنگی هونەری پیرفۆرمانس لەناو کولتووری کوردیدا. ئامانجی ئەم توێژینەوەش بریتیە لە (دۆزینەوە و خستنەڕووی خەسڵەتەکانی هونەری پیرفۆرمانس لە هونەری هاوچەرخی کورددا)، پاشان دیاریکردنی سنوری توێژینەوە و زاراوەکان. لایەنی تیۆری ئەم توێژینەوەیە کە بەشی دووەمی بۆ تەرخانکراوە دابەش کراوە بۆ چوار تەوەری سەرەکی، یەکەمیان (چەمکی پێرفۆرمانس) دووەمیان: (هزر و بنەماکانی پێرفۆرمانس) سێیەمیان: (مێژووی سەرهەڵدانی هونەری پیرفۆرمانس ) چوارەمیان (سەرەتایەک لە سەرهەڵدانی لە هونەری پێرفۆرمانس لە کوردستاندا ) لەگەل دیاریکردنی ئاماژەکانی چوارچێوەی تیۆریی.بەشی سێیەم، تایبەت کراوە بۆ (ڕێکارەکانی توێژینەوە) کە پێکهاتووە لە کۆمەڵگەی توێژینەوە، نمونەکانی توێژینەوە، ڕێبازی توێژینەوە، ئامرازی توێژینەوە، شرۆڤەی نمونەکانی توێژینەوە کە ژمارەیان (3) نموونەیە، توێژەر لەو کارە هونەریانەی لە سنووری توێژینەوەکەی وەرگرتووە. بەشی چوارەم بریتییە لە ئەنجام ودەرئەنجامی توێژینەوەکە ، کە توێژەر بە چەند ئەنجامێک گەیشتووە.

## پێشەکی

پێرفۆرمانس هەوڵێکە بۆ دروستکردنی پەیوەندی هونەر بە ژیانی ڕۆژانەوە و لادانی ناوچەی دیوارەکانی گەلەری و مۆزەخانە. هونەرمەندان بە بەکارهێنانی جەستە و بارودۆخی جیهانی ڕاستەقینە کارێکی هونەری دروست دەکەن، کە زۆرجار بە ڕێگەی ڤیدیۆ، فۆتۆگرافی یان چالاکییە زیندووەکان جێبەجێ دەکرێت. ئەم زمانەی جەستە، وەک زمانی وشە، کارایی تایبەتی هەیە، هەروەها بەهۆی هەڵسوکەوتەوە دەکرێت ڕوون یاخود ناڕوون بێت.بەهۆی بەشداریکردنی بینەر، وەک توخمێکی سەرەکییە لە ناو هونەرە نوێیەکاندا، نەتەنها بینەر بە شایەتی تەماشاکردنی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هونەر دەکات، بەڵکو بەشداربووی چالاکیەکەیە. ئەمە پەیوەندییەکی تایبەتی و ڕاستەوخۆی دروست دەکات نێوان هونەرمەند و بینەر، پێرفۆرمانس دژی تەواوبوونی ئۆبژێکتی هونەرە و بەها و کرینی بەرهەم، بۆیە بە فۆرمێکی ڕاستەوخۆی پەیوەندیکردن نیشان دەدرێت.بە شێوەیەکی تایبەتی لە کوردستاندا، پێرفۆرمانس گەشەیەکی نوێی هەبوو، بەتایبەتی دوای ساڵانی ٢٠٠٠، کە گۆڕانکارییەکانی کلتوری و فکری گەیشتن بە قۆناغی نوێ. هونەرمەندان بەهۆی فێرکاری و ڕاگەیاندن لە زانکۆ و پەیمانگا گەیشتن بە ئاشنابوون بە ئەم فۆرمە. بەشدارییان لە بزووتنەوەی پێرفۆرمانس کردووە، وەکو چالاکییەکی نوێ.هونەرمەندانی کورد هاوشێوەی هونەرمەندانی جیهانی، پێرفۆرمانس بەکاردەهێنن بۆ وەلامدانەوە بە پرسیارە کۆمەڵایەتی، سیاسی یان مرۆڤایەتیەکان. کارەکانیان دەبێتە شوێن و کاتێکی تایبەتی، وەک چالاکییەکی ڕاستەقینە کە بە بەشداری بینەرەوە دەگۆڕێت بە ئەزموونێکی تایبەتی بەهۆی ئەم گۆڕانکارییەوە، هونەرمەند رۆڵێکی نوێ وەک پێشکەشکاری بیر و پەیام بۆ کۆمەڵگا، لە کوردستاندا بووە هۆی چەندین گفتوگۆی نێوان ڕۆشنبیران و هونەرمەندان، بە تێپەربونی کات فۆرمی تایبەتی و چەمکی نوێیان پێ دەدات. لە ئەنجامی ئەم گۆڕانکارییەدا، جوانیناسی کەسی زیاتر لە گونجاندن لەگەڵ بارودۆخ و بیرۆکە کۆمەڵایەتییەکان ئەم شێوەی هونەری بۆ هونەرمەندانی کورد بووە دەرچەیەکی بەرچاوی پەیوەندیکردن بە جیهانی نوێ ، لە دۆخی ئێستادا. پێرفۆرمانس گرنگیەکی تایبەتی هەیە لە چوارچێوەی گۆڕانکارییە کلتورییەکان و شێوازی وەلامدانی هونەر بەو گۆڕانکارییانە. ئەم جۆرە ڕوونکردنەوەیە دەبێت بە شێوەیەکی گرنگ پێک بێنرێت لە توێژینەوەی پەیوەندی و هاوبەشبوونی هونەری نوێ بە ژیان و کۆمەڵگا، بە تایبەتی لە ناوچەی کوردستان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# بەشی یەکەم

## جێوەی گشتی توێژینووەکە

**١.١کێشەی توێژینەوەکە:** لە دۆخی ئێستادا، هونەری کوردی بە گشتی و بەتایبەتی لە شێوەکاری نوێ و هاوچەرخدا گۆڕانکارییەکی فکری و کلتووری تێپەڕاندووە، کە بە پێچەوانەی قۆناغە پێشووەکان ڕەوت و بیرۆکە و فۆرمی تازەیان دروست کردووە. لە ناو ئەم گۆڕانکارییەدا، پێرفۆرمانس وەک جۆرێک لە کارکردنی هونەر دەرکەوت کە زۆر تازە و نادیارە لە ناو ڕەوشی هونەری کوردی، ئەم شێوەی هونەرییە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەکاردهێنێت جەستە و شوێن و کات بۆ دروستکردنی پەیوەندیەکی تایبەتی نێوان هونەر، بینەر و ژیانی ڕۆژانە. بەڵام لە کوردستاندا زۆر کەم توێژینەوەی زانستی و بەرەوپیشبردنی ئەکادیمیی لەسەر ڕۆڵ و کاریگەری پێرفۆرمانس هەیە، بەتایبەتی لە تایبەتمەندییەکانی کلتووری، سیاسی و نەتەوەیی کوردی لە ڕوانگەیەوە تێگەیشتن و وەرگرتنی پێرفۆرمانس و ڕەوشی ئەو گۆڕانکارییە نوێیانە لە هونەری هاوچەرخی کوردیدا ، و پێویستی بە توێژینەوەی ڕوونکردنەوەیی هەیە بۆ دیاریکردنی ئەو ڕەوتە نوێیە و وەسفکردنی هونەری پێرفۆرمانس لە ڕووی کلتوری و فکری. لە ژێر ڕۆشنایی ئەم پێشهاتانەدا، چەند پرسیارێک لەبارەی کاریگەری و پەرەسەندنی هونەری پێرفۆرمانس لە چوارچێوەی دونیای هونەری پێرفۆرمانسی کوردیدا دەخەینە ڕوو:-

1. ئایا هونەری پێرفۆرمانس لە نێو هونەرمەندانی هاوچەرخی کورددا گەیشتووەتە ئاستێک کە تایبەتمەندی و شوناسی ناوازەی بەرجەستە بکات؟
2. ئایا پێرفۆرمانس وەک چەمکێکی هونەری نوێ، تا چەند لەکارە هونەرییەکانی هونەرمەندانی کورد بەرجەستە بووە؟
3. ئایا کاری هونەری پێرفۆرمانسی هونەرمەندانی کورد لەگەل بارودۆخی کۆمەلایەتی و کلتوری و داب ونەریتی کۆمەڵگای کوردیدا دەگونجێ؟

### ٢.١گرنگی توێژینەوە:

1. ناساندنی خوێندکارانی کۆلیژی هونەر بە ڕەوتەکانی هونەری پیرفۆرمانس
2. کاراکردنی ڕۆڵی پیرفۆرمانس لەسەر تاکی کورد
3. وەک سەرچاوەیەکی زانستی و فکری و فەلسەفی و هونەری بۆ کتیبخانەکان سودی هەیە

### ٣.١ئامانجی توێژینەوەکە:

1. دۆزینەوە و خستنەڕووی خەسڵەتەکانی رۆڵی پێرفۆرمانس لە گەشەی هونەری هاوچەرخی کوردیدا
2. ڕەنگدانەوەی ودەستنیشانکردنی دارشتنی شوناسە کولتوورییەکان وڕەنگدانەوەی لو هونەری پیرفۆرمانسی کوردیدا

### ٤.١سنووری توێژینەوەکە:

**سنووری بابەتی** ؛ تایبەتە بە(رۆڵی پێرفۆرمانس لە وەچەرخانی هونەری شێوەکاری هاوچەرخی کوردیدا)

**سنووری جوگرافی**؛ هەرێمی کوردستان شارەکانی (هەولیر ،سلیمانی ،دهۆک،کەرکەک،هەڵەبجە)

**سنووری کاتی** : ماوەی نێوان سالّانی (٢٠١٥ _٢٠١٩ )ز

### ٥.١ دیاریکردنی چەمکو زاراوەکان

**پێرفۆرمانس لە ڕوی زمانەوانیەوە؛** وشەی "ئەنجامدان" لە لاتینی performāre وەرگیراوە کە بە واتای "ئەنجامدان" دێت. لە پێشگرەکەی ( -perبە واتای "لە ڕێگەی") و کرداری ( formāreبە واتای "دروستکردن") وەرگیراوە. ئەم پێکەوەگرتنە لە سەرەتادا ئاماژەی بە ئەنجامدانی کردارێک دەکرد بە تەواوی بە تێپەڕبوونی کات مانای وشەکە فراوانتر بوو و کردەی جێبەجێکردنی ئەرکێک دەگرێتەوە.،(carlson, 1999)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**پێرفۆرمانس لە روی زاراوەوە:** زاراوەی "پێرفۆڕمانس" ئاماژەیە بۆ فۆرمێکی هونەری هاوچەرخ کە لە نیوەی کۆتای سەدەی بیستەم سەری هەڵداوە ،یاخود "نمایشکردن" ئاماژەیە بۆ کردەی نمایشکردن یان ئەنجامدانی کردارێک، زۆرجار لەبەردەم بینەرێکدا,فەرهەنگی ئینگلیزی ئۆکسفۆرد نمایشکردن بە "کردەوەیەک بۆ پێشکەشکردنی شانۆنامە، کۆنسێرت، یان فۆرمێکی تری کات بەسەربردن" و هەروەها بە "کردەوە یان پرۆسەی ئەنجامدانی ئەرکێک " پێناسە دەکات. ئەم پێناسە فراوانە هەردوو لایەنی هونەری و کارایی نمایش دەگرێتەوە، لە نمایشە ڕاستەوخۆکانەوە (وەک شانۆ یان مۆسیقا یان هونەری هاوچەرخ) درێژدەبێتەوە بۆ جۆرەکانی تری کردار کە بە لێهاتوویی و ئامانجەوە جێبەجێ دەکرێن **ئۆکسفۆرد, ٢٠٢٤)**
ئەم زاراوەیە ڕەگ وریشەی لە زمانی فەرەنسی (پێرفۆرم)ەوە سەرچاوەی گرتووە کەبەواتای ئەنجامدان بەدیهێنان دێت لەچوارچێوەی هونەریدا ئەنجامدان بە شێوەیەکی گشتی ئاماژەیە بۆپێشکەشکردنێکی بە ئەنقەست بۆ بینەرێک بەڵام لە چوارچێوەی دییکەدا دەتوانێت ئاماژەیە بۆ تەواوکردنی هەر کردارێک وەک ئەنجامدانی ئەرکێک .
**پێرفۆڕمانس لە روی ڕێکارەوە**: لە چوارچێوەی ڕێکارەکاندا، "پێرفۆرمانس " وەک کردارێکی پلان بۆ دارێژراو و جێبەجێکراو تێدەگات کە ئەنجامدەرێک یان کۆمەڵێک ئەنجامدەر لەخۆدەگرێت کە ڕووداوێک یان چالاکیەک پێشکەش بە بینەرێک دەکەن. لە بواری هونەردا،

## ٢. هونەری هاوجەرخ (contemporary Art)

**هونەری هاوچەرخ لە ڕوی زمانەوانی:** لە زۆر زماندا، ئەو وشانەی کە وەرگێڕان بۆ "هاوچەرخ" دەکەن، دەتوانن کەمێک لە مانادا جیاواز بن بە پشتبەستن بە نوانسە کولتوورییەکان. فەرهەنگی ئۆکسفۆرد زاراوەی هونەری هاوچەرخی بەم شێوەیە پێناسە دەکات زاراوەیەکەبە شێوەیەکی گشتی باس کردنە لە هونەری سەردەمی ئێستا یا رابردوی زۆر نزیک. (Hobson.A, 2001) هاوچەرخ لە سەرچاوەیەکی تر ناسراوە بە ” هاوچەرخ، هاوچاخ، هەڤچاخ، هاڤسال، هەڤبەر، هەڤدەم، هاوزەمان، هاوبەرە، هاومێژ“()کوردستان, ٢٠١٨ )

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**هونەری هاوچەرخلەرویزاراوەییەوە:** دەستەواژەی " هاوچەرخ" ئاماژەیە بۆ بەردەوام بوون و هاوچەرخایەتی واتە (بەردەوام کار و ئەزموون دەکەن نەک تەنها لە هونەر بەڵکو لە هەموو کایە و بوارەکاندا. وەک بوارە جیاوازەکانی ڕۆژنامەگەری هونەری بینراو تەلار سازی .ئەو کولتوورەی کە ژیان لێدەکەوێتەوە، کە هەمیشە پڕە لە جوڵەی نوێ. گونجاندنی بەرهەمی نوێیە بۆ ئەوەی لەگەڵ پێداویستییەکانی سەردەمدا بگونجێت لە ژیان لەگەڵ بارودۆخی ئێستا و داهاتوودا. زاراوەی هونەری هاوچەرخ لە ناوەراستی سەدەی بیستەمەوە دەستی بە ناوبانگکردن کردووە ،بەتایبەتی لەدەوروبەری سالانی شەست و حەفتاکان کە سەرەتاترین بەکارهێنانی دەگەڕێتەوە بۆ ١٦١٤،بۆ وەسفکردنی هونەر لە ساتەوەختی ئێستادا دروست دەبێت

**هاوچەرخ لە روی ڕێکاریەوە:** ،لە روی ڕێکارییەوە "هونەری هاوچەرخ" پەیوەست نییە بە شێوازێکی دیاریکراو، میدیایەک، یان بابەتێکی تایبەتەوە، بەڵکو زۆرجار ڕەنگدانەوەی کۆمەڵێک بابەت و کەرەستە و تەکنیکە جۆراوجۆرەکانە، کە ئاوێنەیەکی سروشتی فرەیی کۆمەڵگەی هاوچەرخە. ئەم فۆرمە هونەرییە بە سیفەتە تاقیکارییەکانی ناسراوە، زۆرجار میدیای جۆراوجۆر، لەوانەش فۆرمەکانی تەقلیدی وەک نیگارکێشان و پەیکەرسازی، لەگەڵ پراکتیزە نوێیەکانی وەک هونەری دیجیتاڵی، ئینستێلاسیۆنی ڤیدیۆیی و نمایشکردن تێکەڵ دەکات (smith, What is Contemporary Art?, 2009, p. 6)

## بەشی دووەم

## چوارچێوەی تێۆری توێژینەوە

### ١.٢ چەمکی پێرفۆرمانس

هونەری پێرفۆرمانس ژانرێکی هونەری هاوچەرخە ، ڕەگ و ریشەی لە خواستی ئاڵانگاری فۆرمەکانی هونەری بینراودا هەیە, بە پێچەوانەی فۆرمەکانی هونەری ئاسایی وەک نیگارکێشان، پەیکەرسازی، کە زۆرجار ئیستاتیکن و بۆ نمایشی درێژخایەن دروستکراون، هونەری پیرفۆرمانس جەخت لەسەر جەستە و کردارەکانی هونەرمەند دەکاتەوە وەک میدیۆمێک بۆ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گەیاندنی مانا. جەوهەری هونەری پیرفۆرمانس لەوەدایە کە هونەرەکە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئەزموون دەکرێت، کات و شوێن و جەستەی نمایشکار و پەیوەندی لەگەڵ بینەردا دەگرێتەوە. (Goldberg, Performance Art: From Futurism to the Present, 2011, p. 216)لە گۆشەیەکی ترەوە هونەری پیرفۆرمانس بریتییە لە نمایشکردنی نمایشە ڕاستەوخۆکانی تاکیک یان کۆمەڵێک هونەرمەند لە شوێنە گشتیەکان، شانۆکان یان ستۆدیۆکانی فۆتۆگرافی, کە دەتوانێت چەندین دەربڕینی هونەری وەک مۆسیقا، گۆرانی، سەما، نواندن، شیعر، نمایشی دەنگی و بیستراو و ئەوانی تر لەخۆبگرێت. ئامانجی هونەری پیرفۆرمانس گەیاندنی پەیامێک یان گەیاندنی ئەزموونێکی هونەرییە بە بینەر و دەستبەجێ هەست و سۆز و کارلێکی هونەری وروژێنێت. هونەری پیرفۆرمانس ئامرازێکی بەهێزە بۆ پەیوەندی کولتووری و بەرزکردنەوەی کارلێکی هونەری نێوان هونەرمەند و بینەر.بیرۆکەی سەرەکی بریتی بوو لەوەی هونەری پێرفۆرمانس فۆرمێکی ڕاستەو خۆی پەیوەندیکردنە لەگەل بینەر لەم ڕوانگەیەوە هزر یان ئاگای دەهەژێنێت و هەمیشە لە هەولی گۆرینی دونیابینینی بینەردایە . ,)سوزی, ٢٠١٧, pp. ٢٩٤-٣٠٠)،ئامادەبوونی ڕاستەوخۆی هونەرمەند و کردەی ڕاستەقینەی جەستە body تایبەتمەندی ئەم فۆرمە هونەرییەیە هەر بۆیە ئەو توخمە سەرەکیانەی کە هونەری پیرفۆرمانس پشتی پێدەبەستێت( کات, شوین, پەیوەندی نێوان پیرفۆرمانس و بینەر) . بە پێچەوانەی شانۆ و درامای تەقلیدی، هونەری نمایشی پشت بە سیناریۆیەکی پێش نووسراو نابەستێت. بەڵکو زۆرجار هونەرمەندان پشت بە ( improvisation )دەبەستن و جەستە و کەرەستە و کات و شوێنی جۆراوجۆر بەکاردەهێنن بۆ پێکهێنانی بیرۆکەکانیان.

## I. پێرفۆرمانس و جەستە

جەستەی مرۆڤ کاریگەرترین ماددەیە لە هونەری پیرفۆرمانسدا، هەم وەک میدیۆم و هەم وەک پەیام خزمەت دەکات. جەستە وەک توخمێکی ناوەندی، دەربڕینی کولتووری، ئایدیۆلۆژی و سۆزداری لە سەرانسەری کات و شوێندا ئاشکرا دەکات. لە کاتێکدا کە بە شێوەیەکی نەریتی لە نیگارکێشان و پەیکەرسازیدا نوێنەرایەتی دەکرێت، جەستە لە هونەری هاوچەرخدا پەرەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێكی زانستی وەرزی باوەرپێكراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەندووە و بووەتە ئامرازێكی زیندوو و دینامیكی- كە نەک تەنها وەک بابەت، بەڵكو وەک كانڤاس و نمایش و زمان بەكاردەهێنرێت.. زمانی جەستە لە پیرفۆرمانسدا ئاڵۆز- كراوەیە بۆ چەندین لێكدانەوە لە ڕێگەی ئاماژە و جوڵەی هونەرمەندانی هاوچەرخ بۆ نموونە، كتێبی (L Demoiselles d'Avignon)ی پابلۆ پیكاسۆ سەرسامی خۆی بە فۆرمەكانی غەیرە ڕۆژئاوایی نیشان دەدات، كە بەهۆی بەركەوتنی سەردەمی كۆلۆنیالیزمەوە بە كولتوورەكانی دیكە لە قاڵب دراوە. ئەم جۆرە كاریگەرییانە زۆرجار لەسەر ناسنامەی بەكۆمەڵ لەسەر تاک بوو و ڕێورەسمەكانی وەک تاتۆكردن، چەقۆكێشان، یان گۆڕینی جەستەی هێماداریان لە باوەش گرتبوو- پراكتیزەكان كە مانا و ڕۆڵی جەستەیان لە كۆمەڵگادا پێناسەكردەوە **(Jones, Body Art;performing the Subject, 1998, p. 368)** بەكارهێنانی جەستە وەک میدیایەكی هونەری لە ساڵانی شەستەكاندا شانبەشانی سەرهەڵدانی هونەری پیرفۆرمانس بووە شتێكی باو. بەڵام ڕەگ و ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ بزووتنەوەكانی سەرەتای سەدەی بیستەمی وەک فیوتۆریزم و دادایزم كە بەرەنگاری هونەری نەریتییان دەكرد. هەروەها دامەزراوەكانی وەک (باوهاوس لە ئەڵمانیا و كۆلێژی بلاک ماونتێن لە ئەمریكا )بەشداریان لەم پەرەسەندنەدا كردووە. دوای جەنگی جیهانی یەكەم، هونەرمەندی نەمسایی ئۆسكار شلێمەر جەختی لەسەر جەستە وەک میدیایەكی هونەری ڕاستەوخۆتر كردەوە.” **(potter, 2010, p. 300)**. لە هەموو ئەمانەدا جەستەی هونەرمەندەكە سەنتەر و چالاكترین بوو. كاری هونەر هونەرمەندان دەستیان كرد بە بەكارهێنانی جەستەیان بە شێوەیەكی ڕێورەسمی و دەربڕین، لە كارەكانی هەریەك لە( كریس بوردن، ئۆرلان ، جینا پاین و هانا وایكە) بەڵگەن بۆ قورسی كۆنترۆڵكردن و كاركردن بە جەستە وەك زمان. **(شنایدەر)** لە كتێبی جەستەی ڕوون لە نمایشدا، لێكۆڵینەوەی لەوە كردووە كە چۆن جەستەی نمایشكار وەک شوێنی بەرخۆدان و یادەوەری و ڕەخنە مامەڵە دەكات، بە تایبەت لە هونەری فێمینیستدا „ (Schneider, 1997, p. 249) ئەم جۆرە كارە یارمەتی هونەری پیرفۆرمانسی داوە كە ببێتە یەكێک لە كاریگەرترین فۆرمەكان لە پراكتیكی هاوچەرخدا. )ئارام،محمدی ,٢٠١٧(..

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## II. پێرفۆرمانس وفەزا

فەزا توخمێکی گرنگە لە هونەری پیرفۆرمانسدا، هەم مانا و هەم ئەزموونی بینەر لە قاڵب دەدات. پیرفۆرمانس لە فەزای جۆراوجۆردا ڕوودەدەن- گەلەری، شەقام، فەزای سروشتی- هەریەکەیان چۆنیەتی هەستکردن بە کارەکە دەگۆڕن. بە گوێرەی( گۆڵدبێرگ،) بزووتنەوە ئاڤانگاردەکانی وەک فیوتۆریزم، دادا و فلۆکسوس فەزایان وەک بەشێکی چالاک لە پیرفۆرمانسەکانیاندا بەکاردەهێنا، هونەریان لەگەڵ ژیانی ڕۆژانەدا تێکەڵ دەکرد. (Goldberg, Performance Art; From Futurism to the Present, 2011, p. 240)دوای جەنگی جیهانی دووەم، هونەرمەندان وەک (مارسێل دوشامپ، جۆن کەیج، ئالان کاپرۆ، ئیڤ کلاین و گرووپی گوتای ژاپۆن) دەستیان کرد بە ڕەتکردنەوەی فەزای گەلەرییە تەقلیدییەکان. ژینگەکانی جیهانی ڕاستەقینەیان وەک بەشێک لە خودی کارە هونەرییەکان لە باوەش گرت. کارەکانیان جەختی لەسەر پرۆسە دەکردەوە لەسەر بەرهەم و فەزا بوو بە بەشداربوویەکی چالاک، نەک تەنها پاشبنەمایەک. (Shandler, 2009, p. 408) گرووپی گوتای کە لە (کازۆ شیراگا و ئیسامو نۆگوچی و جیرۆ یۆشیهارا )پێکهاتبوون، لە ڕێگەی نمایشی کارلێککارانە و دەرەوەدا فەزایان پێناسەکردەوە. قوڕی بەرەنگاری شیراگا (١٩٥٥) قوڕ وەک ناوەندێکی چالاک بەکارهێناوە، ژینگەی کردووە بە هاوکار. نمایشە جەستەییە نوقمکەرەکانی هێڵەکانی نێوان نیگارکێشان، پەیکەرسازی و نمایشیان کاڵکردەوە .، (Tiampo, 2015, p. 104) وەک لە وێنەی ژمارە (١) دا دیارە



**وێنەی ژمارە ( ١ )** شیراگا (١٩٥٥)

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## III. پێرفۆرمانس و بینەر

بەشداریکردنی بینەر توخمێکی گرنگی هونەری پیرفۆرمانسە، بە پێچەوانەی فۆرمەکانی هونەری نەریتی کە بینەر چاودێرێکی پاسیڤە، هونەری پیرفۆرمانس هاندەری بەشداری چالاکانەیە. ئەم کارلێککردنەش دەتوانێت لە ئامادەبوونی سادە تا بەشداریکردنی ڕاستەوخۆ لە نمایشەکەدا دەست پێبکات، کە پەیوەندییەکی دینامیکی لە نێوان هونەرمەند و بینەردا دروست دەکات.. (Bishop, Participation, 2006, p. 216)کارەکانی هونەرمەند (ئالان کاپرۆ،)کەهونەرمەندێکی پێشەنگی ئەمریکی، بەناوبانگە بە دروستکردنی "ڕووداوەکان" کە سنوورەکانی نێوان هونەر و ژیانی ڕۆژانە کاڵ دەکەنەوە. .کاپرۆ پێی وابوو کە هونەر دەبێ لە ژیانی ڕۆژانەدا تێکەڵ بکرێت، هاندەری کارلێکی خۆبەخۆ و بەشداری چالاکانەی بینەر بێت. بەم کارە هەوڵیدا جیاوازی نێوان هونەر و ژیان هەڵبوەشێنێتەوە و پرۆسەی داهێنەرانە بکاتە ئەزموونێکی کۆمەڵایەتی و دینامیکی.بۆ نموونە یەکێ لە کارەکانی لەساڵی ١٩٥٩ بە ناوی "١٨ ڕووداو لە ٦ بەشدا"، وەک لە وێنەی ژمارە (٢) دا دیارە کاپرۆ زنجیرەیەک چالاکیی بەرواڵەت هەڕەمەکی بەڵام بە وردی کۆریۆگرافی کرد کە پێویستی بە بەشداری بینەر هەبوو بۆ تەواوکردنی کارەکە. ئەم ڕێبازە جەختی لەسەر سروشتی ڕاگوزەری هونەر و جیانەبوونەوەی لە ئەزموونەکانی ڕۆژانە دەکردەوە.ڕووداوەکان"ی کاپرۆ بە وردی پلانیان بۆ دانرابوو و لە هەمان کاتدا کۆتایی کراوە.کاپرۆ لە ڕێگەی ئەم کارە داهێنەرانەوە هەوڵیدا بینەران ڕاستەوخۆ سەرقاڵ بکات، بیانکاتە هاوئافرێنەر لە پرۆسەی هونەریدا و بەرەنگاری بەکارهێنانی پاسیڤی هونەر بکات. "ڕووداوەکان"ی ڕۆڵێکی بەرچاوی لە پەرەپێدانی هونەرییپیرفۆرمانسدا هەبووە و کاریگەرییەکی بەردەوامی لەسەر پراکتیکەکانی هونەری هاوچەرخ هەبووە. (Andrè Lepecki, 2007, p. 80)لە دەرەوەی کارلێکی تاکەکەسی، هونەری نمایش وەک سەکۆیەک بۆ شرۆڤەی کولتووری کاردەکات. هونەرمەندان جەستەی خۆیان و ئامادەبوونی بینەر بەکاردەهێنن بۆ چارەسەرکردنی پرسە کۆمەڵایەتییەکان، وەک ڕەگەز، دینامیکی دەسەڵات و ناسنامە. لە ڕێگەی ئەم بەشداریکردنەوە، هونەری نمایش دەبێتە ئامرازێک بۆ ڕەخنە و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی، زۆرجار

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بینەر بانگهێشت دەکات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستییە ناڕەحەتەکان یان بیرکردنەوە لە بیروباوەڕەکانیان ، (Paul, 2023, p. 320).



**وێنەی ژمارە (٢ )** ئالان کاپرۆ

**٢.٢هزروبنەماکانی پێرفۆرمانس**

جێندەر  وەک بابەتێکی ناوەندی لە هونەری پیرفۆرمانسدا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە داڕشتنی داینامیکی هونەری پیرفۆرمانسدا ، کاریگەری لەسەر چۆنیەتی هەستکردنی بینەران بە کارەکە و چۆن هونەر خۆی بەرەنگاری یان بەهێزکردنی داب ونەریتی کۆمەڵایەتی دەبێت. وەک میدیایەک کە پەیوەندییەکی نزیک بە جەستەی مرۆڤ و ئەزموونی زیندووەوە هەیە، هونەری پیرفۆرمانس سەکۆیەکی بەهێز پێشکەش دەکات بۆ گەڕان و بەرەنگار و ڕەخنەگرتن لە ڕۆڵی جێندەری، ناسنامە و نایەکسانی. کاریگەری جێندەر لەم بوارەدا قووڵە، هەم دروستکردن و هەم وەرگرتنی کارە هونەریەکان لە قاڵب دەدات و هەروەها  بەردەوامە لە پاڵنانی گفتوگۆکان لە دەوری جێندەر و ناسنامە بۆ پێشەوە.لە ڕووی مێژووییەوە ڕەگەز دیاری کردووە کە کێ دەتوانێت بەشداری لە ئەنجامدان و لە چ پلەیەکدا بکات. بۆ نموونە لە شانۆی یۆنانی کۆندا، ژنان قەدەغە دەکران و ئەکتەرە نێرەکان هەموو ڕۆڵەکانیان دەگێڕا، بە ڕۆڵەکانی ژنیشەوە. بە هەمان شێوە لە ئینگلتەرای شکسپیردا، نۆرمەکانی کۆمەڵایەتی ژنانیان لە شانۆ قەدەغە دەکرد، بەها پیاوسالارییەکانیان لە ڕێگەی پراکتیکی شانۆییەوە بەهێز دەکرد .(Kalyoncu, 2017, p. 2)   ئەم سنووردارکردنانە ئەوە دەردەخەن کە چۆن چاوەڕوانییە جێندەرییەکان لە مێژە کاریگەرییان لەسەر دەربڕینی هونەری هەبووە.بەڵام لەگەڵ پێشکەوتنی هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکان، ژنان زیاتر جێگەی خۆیان لەناو فەزای نمایشکردندا دووپاتدەکردەوە، بەرەنگاری داب و نەریتیان دەکرد و فۆڕمی هونەریان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە قاڵب دەدا. بزووتنەوەی فێمینیستی سەدەی بیستەم ڕۆڵێکی سەرەکی بینی لە گۆڕینی داینامیکی جێندەری لەناو هونەرە نمایشییەکاندا. ( Panayiota Chrysochou, et al, 2013, p. 250) (بۆ نموونە، پەرتووکی ناووەوی( کارۆلی شنیمان) (١٩٧٥) وەلە وێنەی ژمارە (٣)دا دیارە ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی ڕوانگەی پیاوسالاری جەستەی مێینە بووەوە وەک ئۆبژەیەکی پاسیڤ بە وەرگرتنەوەی وەک شوێنێکی دەسەڵات و دەربڕینی هونەری. کارۆلی شنیمان لە کاتی نمایشە کەیدا لەسەر مێزێک وەستاوە، جەستەی بەشێکی بە بۆیاخ و قوماش داپۆشراوە، کاتێک بە دەنگی بەرز لە کتێبێک دەخوێنێتەوە. لە ساتێکی سەرەکیدا، پەرتووکێکی تەسک لە زێیەوە دەکێشێت و ناوەڕۆکەکەی بۆ ئامادەبووان دەخوێنێتەوە ،ئەم نمایشە لێدوانێکی فێمینیستی بوێرانە بوو کە بەرەنگاری جیهانی هونەری پیاوسالاری دەکرد. ئەو پەرتووکە دەقێکی تێدابوو کە ڕەخنەی لە دەرکردنی ژنە هونەرمەندان گرتبوو و ئاهەنگیان بۆ جەستەی مێینە وەک سەرچاوەی داهێنان و زانین گێڕابوو. بەکارهێنانی جەستەی خۆی وەک میدیایەک لەلایەن شنیمانەوە تیشکی خستە سەر ڕەهەندە کەسی و سیاسییەکانی هونەر، (Schneemann, 2002 ,لاپەڕە 304) دەسەڵاتی وەرگرتەوە بەسەر فۆڕمی مێینەدا، وێنەکە جەستەیی و چڕی و سروشتی خام و ڕووبەڕووبوونەوەی کارەکانی شنیمان دەگرێتەوە. سکرۆڵی ناووەوە وەک هێمایەکی گرینگ لە هونەری فێمینیست و نمایشیدا دەمێنێتەوە، بەردەوامە لە وروژاندنی گفتوگۆکان سەبارەت بە ڕەگەز و سێکس و دەربڕینی هونەری.، (History, 2020, pp. 984-1006)



**وێنەی ژمارە (٣ )** کارۆلی شنیمان

. بەلام لە ڕۆژهەلات بە گشتی و لە کوردستان بە تایبەتی جەستە سنوردارترە لە نێوان رەگەزی نێرو مێ،کە لە نێو کوردا ڕەگەزی مێ لە کوردستان دا بێت یاخود لە دەرەوەی کوردستان کارکردن بە هونەری پێرفۆرمانس و بەکارهێنانی جەستە سنورداره کە کاتێ کار لەسەر ئەو بابەتانە دەکەن ،کە ئەمەش کاریگەری رەگەزە لەسەریانە،بەلام هونەرمەندە نێرەکان لە ئەوروپاو لە کوردوستانیش دەتوانن کارەکانیان ئازادانە بکەن ،کە توانای خۆروتکردنەوەو خۆپیشاندانیان هەیە ،لە هەر فەزاو کاتیکدا بێت ، کە ئەم کاریگەرو جیاوازی رەگەزە لە نێو کاری هونەرمەندان دەردەکەوێ بۆ نمونە کارێکی هونەرمەند (ڕێزان بەتولە فاطمە )بە ناوی( بینەرو بەرهەمهینەوە )کە لەسالی ٢٠١٤ لە پاریس بە ئەنجامی گەیاندووە ،وەک لە وێنەی ژمارە(٤) دیارە ،کە تێیدا هونەرمەند لەسەر کورسیەک دانیشتووە بە جلێکی سپی داپۆشراوە لە سپەیسێکی گشتیدا لە نێو چاوی بینەردا ،کە ڕەنگ لەسەر جەستەو دەموچاوی هونەرمەند بەکارهاتووە ،واتە بینەری بانگێشتی نێو کارە هونەریەکە کردووە،کە هەرکەسەو بە پێی خۆی وێنەیەک یا هێمایەک بە ڕەنگەکانی سورو زەردو ڕەش لەسەرپۆشاک و پێستی هونەرمەندەکە دەکێشن ،کە هونەرمەند دەیەوێ لە ڕێگەی ئەم کارە هونەریەوە لە هەوڵدان بۆ دووبارە پێناسەکردنەوەی جەستە بە خۆداماڵین لە پێناسە کۆمەڵایەتییە کەلتورییەکان و ئاینی و سیاسییەکان، کە بەبڕوای هونەرمەند "ڕێزان بەتولە فاتمە" ئەمە کارێکی ئەستەمە، چونکە جەستە لەڕێگەی ئەویترەوە پێناسە دەکرێتەوە وەک بوون، (ڕێزان بەتوولە, ٢٠٢٤)بەلام کارێکی هونەرمەند (ئەحمەد نەبەز ) بە ناوی (قوربانی ) کە لە سالی( ٢٠٢٢ )لە ئەلمانیا بە ئەنجامی گەیاندووە ،وەک لە وێنەی ژمارە (٥) دا دیارە ،کە تێدا هونەرمەند لەسەرخامێکی سپی لەسەر زەوی بە جلێکی نیمچەڕوت دا دانیشتووە لە سپەیسێکی گشتیدا لە نێو چاوی بینەردا ،کە ڕەنگ لەسەر جەستەو دەموچاوی هونەرمەند بەکارهاتووە ،واتە بینەری بانگێشتی نێو کارە هونەریەکە کردووە،کە هەرکەسەو بە پێی خۆی وێنەیەک یا هێمایەک بە ڕەنگی ڕەش لەسەر پێستی هونەرمەندەکە دەکێشن ،و کە هونەرمەند دەیەوێ لە ڕێگەی ئەم کارە هونەریەوە لە هەوڵدان بۆ دووبارە خوێن وەک ماددەیەکی جەوهەری نهێنی ژیان و مردنە، ئەم ڤیدیۆ هونەرییە دیدگای بۆ چەمکی قوربانی کردن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە تایبەتی لە کۆمەڵگەی ئیسلامی هاوچەرخدا دەخاتە ڕوو،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لێرەدا ئەم کارەی هونەرمەند ئەوەمان پێ پیشاندەدات کە هونەرمەندە نێرینەکانمان زۆر ئازادانا لە ئەورووپاو لە کوردوستانیش دەتوانن کارەکانیان ئازادانە بکەن ،کە توانای خۆروتکردنەوەو خۆپیشاندانیان هەیە ،لە هەر فەزاو کاتیکدا بێت. ڕەگەز کاریگەری لەسەر چۆنیەتی هەستکردنی بینەران بۆ نمایشە هونەریەکان هەیە، ئەمەش پێشوازی و ڕەخنەی کارەکانی هونەرمەندێک لە قاڵب دەدات. (ئەحمەد نەبەز, ٢٠٢٤).



وێنەی ژمارە (٤)



وێنەی ژمارە (٥ )

ڕۆلی ڕەگەز ئاراستەی کارە هونەریەکە دیاری دەکات کە ئەمەش لە هزرەکانی دواتریشدا ڕەنگ دەداتەوە بۆ نمونە:

### 1. هزری ئاینی

لە ڕووی مێژووییەوە هونەری پیرفۆرمانس ڕەگ و ریشەی لە ڕێورەسمی ئایینیدا هەیە. زۆرجار پراکتیزە ئایینیە کۆنەکان توخمە نمایشییەکانی وەک سەما، سروود و دووبارە نمایشکردنەوەی چیرۆکە پیرۆزەکان لەخۆدەگرت. ئەم ڕێورەسمە کۆمەڵایەتیانە پێشەکی هونەری نمایشی هاوچەرخ بوون، جەستەیان وەکو دەفرێک بەکاردەهێنا بۆ بەستنەوەی کایەی فیزیکی و ڕۆحی. بۆ نموونە، ڕێورەسمە ڕەسەنەکانی وەک سەمای خۆری ڕەسەنی ئەمریکی یان ماسکی ئەفریقی بیری ئایینی لە ڕێگەی جووڵە و ڕیتم و کردەوە ڕەمزییەکانەوە بەرجەستە دەکەن، (Materializing Religion: Expression, Performance and Ritual, 2006, p. 132) (ئاریان ڕەفیق )لە سالی ٢٠١٤کارێکی پێرفۆرمانسی ڕاستەوخۆی ئەنجام دا ،بە ناونیشانی (هـاواری نـەبـیـسـتـراوی فـریـشـتـەکـانـی ئـیـزیـدخـان") ، کارەکە باس لەکچ وژنانی کوردی ئیزیدی دەکات کە چارەنوسیان نادیارە ئەوان بونە" قـوربـانـی دیـن"ئامانجی کاری

هونەریەکەی لە زاری هونەرمەندەوە لەسەر کوردانی ئیزیدی ،ئەوەبو زۆر کاری تێکردم کەجی داخە کاتی کارەساتی شەنگال بو خەڵکی کوردستان بەشێکی پێیان خۆشبو گوێم لێ بو لەناو خەڵکی خۆمان دەیان وت " باوایان لێ بێت ئەوان ئاگرپەرستن شەیتان دەپەرستن و پیسن"کەبەرەنگاری ئایینی دامەزراوەیی و کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی دەکات. (ئاریان رەفیق, ٢٠٢٥)وەک لە وێنەی ژمارە (٦)دا دیارە



**وێنەی ژمارە (٦)**

## 2. هزری سیاسی

هونەری پیرفۆرمانس میدیای بەهێز بوون بۆ بیری سیاسی، نوێنەرایەتی خەبات و گێژاوی کۆمەڵگا و بزووتنەوە ئایدیۆلۆژییەکان و رووداوە مێژووییەکان دەکەن. لە شانۆی یۆنانی کۆنەوە تا دوایین هونەری پیرفۆرمانس ، کاریگەریی بەردەوامی تەوەرە سیاسییەکان لەسەر گێڕانەوە و جوانیناسی و ئەرکی جۆرە جیاوازەکانی دەربڕینی هونەری هەبووە. دەتوانن تەوەرەکان دابڕێژن و ئیلهامبەخش بن بۆ بزووتنەوە نوێیەکان لە هونەردا و وەک ئامرازێک بۆ چالاکیی و بەرخۆدان و شرۆڤەی کۆمەڵایەتی مامەڵە بکەن.,(Ezrahi, 2012, pp. 187-218) لەم نێوەندەدا رژێمە سیاسییەکان بۆ مەبەستی پروپاگەندەیش کەڵکیان لە نمایش وەرگرتووە؛ بۆ نموونە لە ئەڵمانیای نازی و رووسیای سۆڤیەت، شانۆ و فیلم دەستکاری کرا بۆ خزمەتکردنی ئایدیاڵەکانی دەوڵەت ، هەروەها رۆڵێکی گرنگی لە بەرخۆدان لە دژی سیستەمی سیاسی ستەمکاردا هەبووە. هونەری نمایشی، شانۆ و مۆسیقا لە سەردەمی بزووتنەوەی مافە مەدەنییەکان لە ئەمریکادا بوونە شتێکی گرنگ. بۆ نموونە بزووتنەوەی هونەرە رەشەکان شانۆ و وشەی قسەکراو بۆ داکۆکیکردن لە دادپەروەری رەگەزی و بەهێزکردن بەکاردەهێنێت.. (Kershaw, 1992, p. 1_256) هونەرمەندانی کوردیش لە کۆن ولە ئێستاشدا بە هەمان شێوەی هونەرمەندانی جیهان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چەکەکەی دەستی هونەرەکەی بووە ،کە توانیوێتی ئەو پەیامە سیاسیە یا ئابوری یا کۆمەلایەتیە بگەیەنێ لە رێگەی هونەرەکەیەوە بووە کە توانیویەتی پشگیری خاکو نیشتیمانەکەی بێت ،وبەتایبەت دەتوانێت لە رێگەی کارکردن بە هونەری پێرفۆرمانس و بەکارهێنانی جەستەو بەشداریکردنی بینەرو لە فەزای گشتیدا کارەکە بە ئەنجام بگەیەنێ نمونەیەک لەو کارانە کارێکی پێرفۆمانس بە بەشداری چەند خوێندکارێک و مامۆستایانی کۆلێژی سەلاحەدین کارێکیان بە ناوی(سڕینەوە") لە سالی ٢٠٢٤لە هەولێر بۆ بۆنبڕکردنی گەندەڵی ئەنجامدا .کارە هونەرییەکە بەشێوەی پێرفۆرمانس و نیگارکێشانی ڕاستەوخۆ جێبەجێکرا.وەک لە وێنەی ژمارە (٧)دا دیارە



**وێنەی ژمارە (٧)**

## ٣،٢مێژووی سەرهەڵدانی پیرفۆرمانس

پێش ئەوەی زمان بە تەواوی گەشە بکات، مرۆڤە سەرەتاییەکان لە ڕێگەی جوڵەی جەستە و کردارەوە هەستەکانیان دەربڕی و پەیوەندی کۆمەڵایەتییان دروست دەکرد. نمایشکردن بەشێکی سروشتی ژیان بوو، بۆ تێگەیشتن لە جیهان و گەیاندنی مانا بەکاردێت. کولتووورە کۆنەکان لە ڕێورەسمە ئایینییەکان و چیرۆکگێڕان و ڕێورەسمەکاندا نمایشیان بەکاردەهێنا- تێکەڵکردنی جووڵە و مۆزیک و هێماکان بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ خودایی و بەهێزکردنی کۆمەڵگاکان.پاشماوەی شوێنەواره مێژوویەکان بەڵگە و وێنەکێشراوەکانی سەر دیواری ئەشکەوتی لاسکۆک لە فەرەنسا جۆرێک لە سەمای ڕێورەسمی و دیمەنەکانی ڕاوکردن نیشان دەدەن ، ئەمەش ئەوە پیشان دەدات کە مرۆڤە سەرەتاییەکان نمایشیان بەکارهێناوە بۆ گەڕان بەدوای پاراستن یان سەرکەوتن ((Hayden, 2018, pp. 66-75)). نەریتە ڕەسەنەکان، وەک شامانیزم، بریتی بوون لە سەمای ترانس، تەپڵ لێدان و چیرۆکگێڕان بۆ چاکبوونەوە یان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پەیوەندیکردن لەگەڵ ڕۆحەکاندا- کردەوەگەلێک کە وەک پیرۆز سەیر دەکران نەک وەک کات بەسەربردن (نیلسن، ٢٠٢٠).لە ئەفریقا سەما زۆر پێش ئەوەی نووسین بوونی هەبێت، ناوەندی ژیانی ڕۆژانە بووە. بۆ نموونە، ڕێوڕەسمەکانی ماسکی یۆرۆبا مۆسیقا، جووڵە و دەمامکی پیرۆزیان تێکەڵ دەکرد بۆ بانگەوازکردنی ڕۆحەکان، ئاهەنگگێڕان بە دروێنەکردن، یان دیاریکردنی گواستنەوەکانی ژیان (Avorgbedor, 2003, p. 390)). وهەروەها نمایش لە شارستانیەتی میزۆپۆتامیا کۆن ڕەگ و ریشەی لە ژیانی ئایینی و کۆمەڵایەتی و سیاسیدا هەبووە، لە پراکتیزە سەرەتاییەکانی سۆمەرییەوە پەرەی سەندووە بۆ نەریتە بەرزە پێکهاتەدارەکانی سەردەمی ئەکەدی و بابلی. .(Nielsen, 2002, pp. 39-72)هەروەها لە میسری کۆن، نمایشکردن بە قووڵی پەیوەست بوو بە بیروباوەڕی ئایینییەوە. قەشە و نمایشکاران ڕووداوە ئەفسانەییەکانیان نمایش دەکرد، وەک( چیرۆکی ئۆسیریس، خوداوەندی ژیانی دوای مردن. )ئەم ڕێوڕەسمە دراماتیکیانە لە پەرستگاکاندا ئەنجام دەدرا، (Teeter, 2011, pp. 92–110.)هەروەها نمایش لە یۆنانی کۆن کاریگەرییەکی بەرچاویان لەسەر گەشەسەندنی شانۆی ڕۆژئاوا هەبوو. درامای یۆنانی لە فێستیڤاڵە ئاینییەکانەوە سەریهەڵدا کە ڕێزیان لێدەگرت( دیۆنیسۆس، خوداوەندی شەراب و بەخێوکردن. فێستیڤاڵی (سیتی دیۆنیسیا )لە ئەسینای پایتەخت )پێشبڕکێی دراماتیکی تێدابوو کە شانۆنامەنووسانی وەک (ئیسکیلۆس و سۆفۆکلیس و یۆریپیدس) کارەساتیان پێشکەش دەکرد .,(Mui, 1995, pp. 28–62) دوای مۆدێرنەوە، نمایش بەشێوەیەکی نوێ گەشە کرد، بە تایبەتی لەو ماوەیەی کە هونەر و بیرۆکە بە شێوەیەکی گۆڕانکاری ڕوویان پێدا لە ڕووی گەشەکردن ،هونەر و شانۆ و ئەدا هەر پەیوەندی بە مێژووی پێشویان هەبوو، بەڵام لە هەمان کاتدا، هەوڵیان دا لە ڕووانگەی نوێوە پێشکەش بکرێن،لە دوای ڕێنسانس، مۆدێرنەوە ڕێگایەکی نوێ بوو بۆ بیرۆکە و گەشەکردنی شانۆ ونمایش کە دەرچون و ڕزگاربونی پیرفۆرمانس بوو لە طقوسە ئاینیەکان ، (McGowan, 2008, pp. 1–40) پێرفۆرمانس هەولیدا لایەنی تر بەکاربهینێت ،ئەمەش لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم، بە هۆی زەبرو زەنگی جەنگەوە دونیا بە شێوەیەکی گەورە گۆڕاوە، نمایشی هونەرییە شانۆییەکان لە کاریگەریی وگۆڕانکارییەکانی جەنگ بێبەش نەبوون ،هەربۆیە لە ئەوروپا یەکەم

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جەنگی جیهانی کاریگەرییەکی بێئەندازەی لەسەر هونەرمەندان هەبوو. لە ساڵی (1918) هونەرمەندی نەمساوی (ئۆسکار شلیمەر )لە بەرەکانی جەنگەوە دەنووسێت: ”میدیەمی تازەی هونەری کە زۆر ڕاستەوخۆترە: جەستەی مرۆڤە”. پێوەری مردن و کاولکاری، ئامادەیی جەستەی زیندووی کردە جێی گرنگی پێدانێکی زۆر، لێرەدا زاراوە یان تێرمی نەژاد ، ڕەگەز، جێندەر و چینایەتی زاڵ بوون بەسەر پێوانە و بیر و بۆچونەکانی پێشوتردا کە بابەتی کارکردن بوون، هەڵوێست و ئاڕاستەکان دەربارەی جەستە بەشێوەیەکی بنچینەیی گۆڕا، (Oskar Schlemmer, 1961 (originally written in the 1920s), pp. 17-22) هەربۆیە دوای جەنگەکە تەنها شار و دۆڵ وێران نەبوو بەڵکو داهێنانی بیرۆکە و هەستەکانیشی گۆڕی، ونمایشیش بۆ هۆکارێکی نوێی بیانکردن بوو،هونەرمەندان هەوڵیان دا جەستە و نمایش بەکاردێنن بۆ نیشاندانی هەست و هەواڵەکانی ژیانی دوای جەنگ. بەرگری و جەنگ و ئەو تاوانانەی مرۆڤی بەردەوام لێی گەڕاوە، ،لەو ماوەیەدا بەتایبەتی لە ئەمریکا و ئەوروپا گەشەیەکی بەرچاو و بناغەیی هەبوو. هونەرمەندانی وەک (مارسێل دوشامپ، جۆن کەیج، ئالان کاپرۆو، ئیڤ کلاین؛) هەروەها لە ژاپۆن (یابان)یش هونەرمەند کازووە شیراگاوە، گروپی گوتای (GUTAI GROUP)ئەو گەشەسەندنەیان بەهەند وەرگرت. ئەم هونەرمەندانە بوونە بەشێکی گەورە لە پەرەپێدان بە کارکردن بە فەزا کە لە دەرەوەی گەلەرییەکان بێت. ئەوان بە دوای ئایدۆلۆژییەکی جێگرەوە یان جیاوازدا دەگەڕان تا کارێك ئەنجام بدەن کە لە پرۆسێس یان لە بەردەوامی دا بێت و هەمەلایەنانە لێی بڕوانن.. ( Kristine Stiles and Peter Selz, 1996, pp. 50–200), هەروەها ڕەگ و ڕیشەی هونەری پیرفۆرمانس دەتوانرێت لە بزووتنەوە ئاڤانگاردەکانی سەرەتای ساڵانی (١٩٠٠ا دابدۆزرێتەوە، بەتایبەتی لە دادایزم، ئایندەیی و سوریالیزمدا، دادایزم• و سوریالیزم• دوو بزووتنەوەی هونەری شۆڕشگێڕانە بوون کە لە

دادایزم بزووتنەوەیەکی دژە هونەر بوو کە لە جەنگی جیهانی یەکەم (١٩١٦) لە شاری زیوریخی سویسرا سەریهەڵدا. کاردانەوە بوو بەرامبەر بە شەڕ، ڕەتکردنەوەی هونەر و لۆژیک و عەقڵی نەریتی لە بەرژەوەندی بێمانایی و ئاژاوە و خۆبەخۆیی. بزووتنەوەکە لە شارەکانی وەک بەرلین، پاریس و نیویۆرکدا بڵاوبووەوە و کاریگەری لەسەر بزووتنەوە ئاڤانگاردەکانی دواتر وەک سوریالیزم و فلۆکسوس هەبو..Invalid source specified.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەرەتای سەدەی بیستەمدا وەک کاردانەوە بەرامبەر بە هەڵچوونە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمی خۆیان سەریان هەڵدا. لە کاتێکدا هەردووکیان بەرەنگاری نەریتە هونەرییەکانیان دەکرد و هەوڵیان دەدا لە عەقلانیزم ڕزگاریان بێت,هەروەها ڕەخنەگران ئەم هونەرە بە هونەری زیندوو ناودەبەن.هونەری ئەدا ڕەگەکەی لە نزیکەوە بەستراوەتەوە بەچەمکەکانی هونەری پیشووەوەک(هەپینینگ و فلوکسس)،هەربۆیە هونەری نمایشکردن بە شێوەی جیاواز لە سەرانسەری وڵاتە جیاوازەکاندا سەریهەڵدا، زۆرجار لە ژێر کاریگەری بزووتنەوە کولتووری، سیاسی و هونەرییەکاندا بوو.

## ٤.٢سەرەتایەک لە سەرهەڵدانی هونەری پێرفۆرمانس لە کوردستاندا

هونەر لە کوردستان لە قۆناغە مێژووییە جۆراوجۆرەکاندا پەرەی سەندووە وچەندین گۆڕانکاری جیاوازی بەسەردا هاتووە ، گواستنەوەی هونەر لە سەردەمی تاریکەوە بۆ هونەری مۆدێرنە لەسەرەتای سەدەی بیستەوە دەستی پێکرد ،هەربۆیە چۆن هونەری شێوەکاری کە دەستی پێکرد سەردەم بە سەردەم گۆڕانکاری بەسەرداهات لەهەمان کاتیشدا گۆڕانکارییەکی گەورە بوو بۆ هونەری هاوچەرخ، ئەویش بە تێپەڕاندنی میدیۆمە باوەکانی هونەر و بەکارهێنانی میدیۆمی نوێی ( ئەنستەلەیشن و ڤیدیۆ ئارت و پێرفۆرمانس ..هتد، )هەروەها بەشدارییپێکردنی جەستە وەکو ماتریاڵێکی نوێ لە کردەی هونەریداگۆڕانکاری و لادان ڕوویدا لە یاسا و ڕێسا نەریتەکانی هونەری کلاسیکی ، کە بوو بەهۆی سەرهەڵدانی چەمکی نوێ پەیوەست بە فیکر و ڕەخنە و تەکنەلۆجیای وێنەکێشان و میتۆد ، لە بەکارهێنانی تەکنیک و میدیۆمی نوێ و ئامادەکراو کە ئەمەش کاریگەری باشی لەسەر هونەر لە کوردستان هەبوو،هەربۆیە مێژووی سەرهەلدانی

---

سوریالیزم بزووتنەوەیەکی هونەری و ئەدەبی بوو کە لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا سەریهەڵدا، بە پلەی یەکەم لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا، وەک وەڵامێک بۆ دادایزم و دەروونشیکاری فرۆید. هەوڵیدا بەدواداچوون بۆ عەقڵی نائاگا و خەون و وێنەسازیی ناعەقڵانی بکات بۆ ئەوەی فۆرمێکی نوێی دەربڕینی هونەری دروست بکات. سوریالیستەکان پێیان وابوو بە ئازادکردنی عەقڵ لە لۆژیک و عەقڵ، دەتوانن ڕاستی قووڵتر دەربارەی واقیع ئاشکرا بکەن بەناوبانگترین هونەرمەندی سوریالیست، سەلڤادۆر دالی (١٩٠٤-١٩٨٩ ) •Invalid source specified...

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێرفۆرمانس لە کوردستان ئەویش بە قۆناخی خۆیدا تێپەڕی،هونەرمەندە سەرەتاکان بە ئاستی سەرەتایی و کورت،چونکە شارەزا نەبوون پاشان بلاوبونەوەو بەرفراوان بونی لە جیهاندا وەک چەمکێکی قوڵ کاری لەسەر کرا ، هونەرمەندانی کورد زیاتر لەم فۆرمە هونەرە بۆ دەربڕینی پرسە نەتەوەییەکان، ناسنامە، مافی ژنان، و بارودۆخی سیاسی و کۆمەلایەتی کەڵکیان وەرگرتووە. سەرەڕای ئەوەی کەهونەری هاوچەرخ لە کوردستاندا وەک فۆرمێکی تایبەتی تازە و زۆر جێگیر نەبووە ، بەڵام هونەرمەندانی کورد ئەم میدیایەیان بە شێوازی داهێنەرانە بەکارهێناوە بۆ چارەسەرکردنی پرسەکانی شوناس و دادپەروەری کۆمەڵایەتی، (فەرهاد پیرباڵ, ٢٠٠٦)

هەربۆیە لە باسکردنی هونەری هاوچەر خ لە کوردستاندا گرنگە باس لە خاڵێک بکەین کە ئەویش سیاسەتە ، کە دەکرێت بە خاڵێکی جەوهەری دابنێین لە سەرهەڵدان و گەشەسەندنی هونەری پێرفۆرمانس لە نێو هونەری هاوچەر خدا، لەگەڵ ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆری، کۆمەڵگای عێراق لە ڕێگەی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێتەوە بە باقی جیهانەوە ڕابگەن. تاکەکان دەتوانن دەستیان بە زانیاری بگات، بەشداری لە ڕووداوە جیهانییەکان بکەن و بە شێوازی نوێ و پراکتیکی کولتووری زانیاری بەدەست بهێنن. هونەرمەندان لەجیاتی ئەوەی لە پۆلە تایبەتەکاندا سنووردار بن، دەتوانن بەردەوام بن لە ئاگاداربوون لە پێشکەوتنە هونەریەکان و فێربوون لە کارە هونەریەکان و سەرچاوەکان و ڕاستەوخۆ سەیری بەرهەمەکانی هونەرمەندانی نێودەوڵەتی بکەن. ئەم گۆڕانکارییە کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر تێگەیشتن و دیدگای داهێنەرانەیان هەبوو. سەرەڕای هەندێک سنووردارکردن، هونەرمەندان ئازاد بوون لە میدیا تەقلیدییەکان دوور بکەونەوە و ئەزموونی هونەری ڤیدیۆیی وپیرفۆرمانس و ئینستێلاسیۆن بکەن. (شیروان خان, ٢٠٢٠) پەرەسەندنی کاری هونەری هەنگاوی جیاوازی لە هەرێمی کوردستان پەیرەو کردووە، بەتایبەتی لەو کاتەوەی لە ساڵی( ٢٠٠٥-٢٠٠٧)دا بەڕووی جیهانی دەرەوەدا کرایەوە.هەروەها لە دوای ساڵانی ٢٠٠٠ دەتوانرێت ئاماژە بە شەپۆلێکی ڕوونی هونەرمەندەکانی چەمکی بکرێت کە سەریان هەڵداوە، خۆیان وەک پراکتیککاری هاوچەرخ وەسف دەکەن کە پێشانگای ناوخۆیی و بیانی ئەنجام دەدەن. لە کاتێکدا هونەری هاوچەرخی کوردی هێشتا لە دروستکردندایە و

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مێژوویەکی زیاتر لە دوو دەیەی تێدا نییە، بەڵام پێش ئەو ماوەیە هونەرمەندان کاریان بە پێرفۆرمانس کردووە کە دەڵێن دەگەرێتەوە بۆ سالانی ١٩٩٠ بەلام بەهۆی نەبونی هیچ ئەرشیفێ نازانین کە کەی بووە ،هەروەها سەرەتاکاریان بە هونەری هاوچەرخ دەکرد بە بێئاگا بونیان لەوەی کە وەک چەمکێکی هونەری بەکاری بهینن ، بە ئاستی سەرەتایی بەکاریان دەهێنا کە زۆر جار توشی گالتەو قسە دەبونەوە نمونەش وەک کارەکانی هونەرمەند(سیروان رەئوف،سالار مەجید،محمد ئیسماعیل، وریا بوداخی ،وەلید سیتی ،اسماعیل خەیات ،مدحەت کاکەی هتد..) وەک لەوێنەی ژمارە (٨) دائامازەی پێکراوە ،

**وێنەی ژمارە (٨)**





بەشێوەیەکی گشتی کارەهونەریەکان لە چوارچێوەی کۆمەڵێ پرۆژەی هونەری رێکخراودا بوو، لەو ماوەیەدا چەندین رێکخراو کۆمەڵە هەبووە کە کاریگەری لەسەر بەرەوپێشچونی کاری هونەری هاوچەرخ هەبوو بەتایبەت پێرفۆرمانس نمونە(دەستەی تەم،رێکخراوی ئارت رۆڵ،پرۆژەی شار ، پرۆژەی ئاشتی بۆ کوردستان،پرۆژەی سنور،پێشانگای سەرمەدی،هتد...)وەک

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە وێنەی ژمارە (٩)دا ئاماژەی پێکراوە ،هەروەها نمونەی ئەو هونەرمەندانەی کاری پێرفۆرمانسیان کردووە بۆ نمونە نمونە (پۆشیا کاکل ،ئاڤان عمر ،ئەحمەد نەبەز،زانا ڕەسوڵ،دیاکۆ خاتوون،سەنگەر قوباد،ساکار سلیمان ،.هتد....)




**وێنەی ژمارە (٩)**

## ئاماژەکانی چێوەی تیۆری تویژینەوە:

1. جەوهەری هونەری نمایشکردن لەوەدایە کە هونەرەکە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئەزموون دەکرێت، کات و شوێن و جەستەی نمایشکار و پەیوەندی لەگەڵ بینەردا دەگرێتەوە
2. جەستەی مرۆڤ کاریگەرترین ماتریالە لە هونەری نمایشدا، هەم وەک میدیۆم و هەم وەک پەیام خزمەت دەکات".
3. "بەشداریکردنی بینەر توخمێکی گرنگی هونەری نمایشە. بە پێچەوانەی فۆرمەکانی هونەری نەریتی کە بینەر چاودێرێکی پاسیڤە، هونەری نمایش هاندەری بەشداری چالاکانەیە".
4. ڕەگەز ڕۆڵێکی گرینگ دەگێرێت لە دارشتنی دایناميکی هونەری نمایشدا، کاریگەری لەسەر چۆنیەتی هەستکردنی بینەران بە کارەکە و چۆن هونەر خۆی بەرەنگاری یان بەهێزکردنی نۆرمەکانی کۆمەڵایەتی دەبێت. وەک میدیایەک کە پەیوەندییەکی نزیک

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بە جەستەی مرۆڤ و ئەزموونی زیندووەوە هەیە،. کاریگەری جێندەر لەم بوارەدا قووڵە، هەم دروستکردن و هەم وەرگرتنی کارە هونەریەکان لە قاڵب دەدات.

5. هونەرمەندان لە ڕێگەی کارە پێرفۆرمانسەکانیانەوە دەتوانن بە شێوەیەکی کاریگەر لێدوان لەسەر بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی بدەن، ئەمەش مشتومڕ و پەرەپێدانی گفتوگۆ. ئەم ئەرکە ڕەخنەگرانەی هونەر لە مێژوودا بووەتە هۆی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و چاکسازی، وەک کاتالیستێک بۆ گۆڕانکاری ئەرێنی لە کۆمەڵگادا کاردەکات کارەکانیان بۆ تیشک خستنە سەر پرس و دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بەکاربهێنن کە ڕەنگە لە میدیای سەرەکی و گێڕانەوەی فەرمیدا پشتگوێ بخرێن یان سەرکوت بکرێن.

6. پێش ئەوەی زمان بە تەواوی گەشە بکات، مرۆڤە سەرەتاییەکان لە ڕێگەی جوڵەی جەستە و کردارەوە هەستەکانیان دەربڕی و پەیوەندی کۆمەڵایەتییان دروست دەکرد. نمایشکردن بەشێکی سروشتی ژیان بوو، بۆ تێگەیشتن لە جیهان و گەیاندنی مانا بەکاردێت. کولتوورە کۆنەکان لە ڕێوڕەسمە ئایینییەکان و چیرۆکگێڕان و ڕێوڕەسمەکاندا نمایشیان بەکاردەهێنا- تێکەڵکردنی جووڵە و مۆسیقا و هێماکان بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ خودایی و بەهێزکردنی کۆمەڵگاکان.

7. هونەر لە کوردستان لە قۆناغە مێژووییە جۆراوجۆرەکاندا پەرەی سەندووە وچەندین گۆڕانکاری جیاوازی بەسەردا هاتووە ، گواستنەوەی هونەر لە سەردەمی تاریکەوە بۆ هونەری مۆدێرنە لەسەرەتای سەدەی بیستەوە دەست پێدەکا ت، هەربۆیە چۆن هونەری شێوەکاری کە دەستی پێکرد سەردەم بە سەردەم گۆڕانکاری بەسەردادەهات لەهەمان کاتیشداوەرچەرخانێکی گەورە بوو بۆ هونەری هاوچەرخ، ئەویش بە تێپەڕاندنی میدیۆمە باوەکانی هونەر و بەکارهێنانی میدیۆمی نوێی ) ئەنستەڵەیشن و ڤیدیۆ ئارت و پێرفۆرمانس

8. پەرەسەندنی کاری هونەری، لە مۆدێرن بۆ هاوچەرخ، هەنگاوی جیاوازی لە هەرێمی کوردستان پەیڕەو کردووە، بەتایبەتی لەو کاتەوەی لە ساڵی( ٢٠٠٥-٢٠٠٧)دا بەرووی

جیهانی دەرەوەدا کرایەوە. ئەم کرانەوە نوێیە جەمسەرگیرییەکی لەناو گۆڕەپانی هونەری کوردستاندا خوڵقاندووە.

9. بەشێوەیەکی گشتی کارەهونەریەکان لە چوارچێوەی کۆمەڵێ پڕۆژەی هونەری ڕێکخراودا بوو، لەو ماوەیەدا چەندین ڕێکخراو کۆمەڵە هەبووە کە کاریگەری لەسەر بەرەوپێشچونی کاری هونەری هاوچەرخ هەبوو بەتایبەت پێرفۆرمانس نمونە(دەستەی تەم،ڕێکخراوی ئارت ڕۆڵ،پرۆژەی شار ، پڕۆژەی ئاشتی بۆ کوردستان،پرۆژەی سنور،پێشانگای سەرمەدی،هتد...)

## بەشی سێیەم

### بەجێهێنان وڕێکارییەکانی توێژینەوەکە

**کۆمەڵگەی توێژینەوە :** دەکەوێتە چوارچێوەی ئەوکارەهونەرە پێرفۆرمانسانەی کە هونەرمەندانی کورد بەئەنجامیان گەیاندووە ،

**نمونەکانی توێژینەوە :** ئەو کارە هونەرییە پێرفۆرمانسانەی ئەنجامدراون دەکەونە نێوان ماوەی سالآنی (٢٠١٥_٢٠١٩) ولەگەڵ ئامانجەکانی کۆمەڵگای توێژینەوەکەم گونجاون

**ئامرازەکانی شیکاری :** بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەو دەرخستنی (رۆڵی پێرفۆرمانس لە وەچەرخانی هونەری شێوەکاری هاوچەرخی کوردیدا )توێژەر پێوەرونیشاندەری تایبەت کە لە چوارچێوەی تیۆری وەرگیراون وەک ئامرازە سەرەتاییەکانی لێکۆڵینەوە کەڵک وەردەگرێت،ئەمەش لە ڕێگای میکانیزمێکی پێکهاتەدارەوە ئەنجام دەدرێت کە میتۆدۆلۆژیای وەسفی وشیکاری بەکاردەهێنێت

**ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری :** توێژەر پێداچوونەوەی وردی بە چەندین سەرچاوەدا کرد لەوانە کتێبی ئەکادیمی، بڵاوکراوەی هونەری، کەتەلۆگی پێشانگا و کارە هونەرییە ئەرشیفکراوەکان، شانبەشانی سەرچاوە دیجیتاڵییەکانی وەک ماڵپەڕ و پلاتفۆرمی سۆشیال

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

میدیا. هەروەها چاوپێکەوتن لەگەڵ هونەرمەندان ئەنجامدرا بۆ بەدەستهێنانی تێڕوانینێکی قووڵتر لە پراکتیکەکانی هاوچەرخ و چوارچێوە کۆنتێکستەکان.

**ڕێبازی توێژینەوە :**توێژەر لە شیکردنەوەی نمونەکانی پشت بە ڕێبازی شیکردنەوەی وەسفی دەبەستێ .

**شرۆڤەی نمونەکانی توێژینەوە :**

| | |
|---|---|
| **وێنەی ژمارە (١)**<br>**هونەرمەند : پۆشیا کاکل**<br>**ناونیشان ؛تاوانبارم، تەنها لەبەر ئەوەی ژنم**<br>**میدییەمی کارە هونەرییەکە: ڤیدیۆ پێرفۆرمانس**<br>**ساڵ:٢٠١٥**<br>**شوێن :هەولێر** |  |

بەرهەمی(تاوانبارم تەنها لەبەر ئەوەی ژنم ) ی هونەرمەند پۆشیا کاکل لێرەدا شیکاریەکی وردی دەخەینە ڕوو لە ڕێگەی ئەم وێنەیەوە ؛ئەم کارە هونەرییە لە سەرەتادا وەک تۆمارێکی ڤیدیۆیی دروستکراوە، بەڵام ئەوەی ئێستا بەردەستە لە زنجیرەیەک وێنەی ڕەش و سپی پێکهاتووە، هەر چوارچێوەیەک هەمان فیگەر لە پۆز و پرۆفایلی جیاوازدا پێشکەش دەکات.بۆ ئەزموونکردنی کارەکە دەبێت بە وردی چاودێری ئەم وێنانە بکەین.ئەم وێنەیە لە چەند ئۆبژێکتێکی جیاواز پێکهاتووە بریتیە لە(جەستەی هونەرمەند، مەقەست، ماکیاژ، تابلۆی ناساندنی تاوانبار)کە لە هەموو فرەیمەکاندا فیگەرێکە کە ڕەگەزی مێینەیە و کە ستراپێکی ڕەشی لەبەردایە و قژی لە دواوە بەستووە،لە پاشبنەمایەکی سپی وەستاوە.لە پشتیەوە، هێڵ و ژمارە پێوانەییەکان هەن ، هاوشێوەی ئەو شوێنەی تاوانبار وێنەی لیدەگرێت ،کە بە شێوەیەکی گشتی کاتێک تاکێک بۆ یەکەمجار دەستگیر دەکرێت و بەڵگەی لەسەر دەکرێت بەکاردەهێنرێت.لە چوارچێوەیەکدا، فیگەری مێینە تەختەیەکی چوارگۆشەی بەدەستەوەیە کە زانیاری کەسی پیشان دەدات: کۆدی تۆمارکردنی سیستەم، ناوی بنەماڵە، ڕەگەز و وردەکارییەکانی دیکەی ناسینەوە.لە

چوارچێوەیەکی دیکەدا وێنەی فیگەرەکە دەموچاوی بۆیاخی ڕەش کراوە، لێوەکانی ڕەنگی سور کراوە و بازنەی سپی لەسەر ناوچەوانی کێشراوە.لەناو ئەم بازنانەدا دەستەواژەی "الله رسول محمد" بە ڕەش نووسراوە و دەنگدانەوەی دەرکەوتنی ئاڵای داعشە،لە چوارچێوەیەکی کۆتاییدا، فیگەرەکە چەقۆیەکی بەدەستەوەیە و وا دیارە قژی خۆی دەبڕێت - ئاماژەیەکی بەهێز کە زۆرجار پەیوەندی بە ناڕەزایەتی و بەرخۆدان و وەرگرتنەوەی دەسەڵاتی کەسییەوە هەیە.لەم نمایشە هونەرییەدا هونەرمەند جەستەی خۆی وەک گرنگترین ئامرازی دەربڕین بەکاردەهێنێت. سەرەتا بە قژی درێژەوە دەردەکەوێت، پاشان سووراوی سووری لێو دەدات، قژی شانەی دەکات و ماکیاژ دەکات،ڕوخساری بە بۆیەی ڕەش و سپی وێنەی ئاڵای تیرۆریستی داعش دەنەخشێنێت ،دواتر دەیسڕێتەوە ولایەبات وسووراوەکەشی دەسڕێتەوە وپاشان دووبارە هەموو ڕوخساری خۆی سوور دەکات ولەو کاتەدا، لەگەڵ سووربوونەوەی دەموچاویدا، دەست دەکات بە بڕینی قژی.پاشان ئەو قژەی کە دەیبڕێت، دەخرێتە بەردەم دەموچاوی و دەخرێتە ناو قورئانەوە، لەگەڵ ڕەنگە سوورەکە. بە وریاییەوە خۆی لە بەرامبەر پاشبنەمایەکی پێوراودا دادەنێت، لە هەردوو لای ڕاست و چەپەوە پرۆفایلی خۆی نیشان دەدات.دواتر وێنەیەکی خۆی دەگرێت، زۆر هاوشێوەی وێنەی ناسنامەی تاوانبار، تابلۆیەک لەبەردەمیدا دادەنێت کە ناو و ڕەگەز و ساڵی لەدایکبوونی لەسەرە . ژمارەی 5000 بەشێوەیەکی بەرچاو نمایشکراوە، کە هێمای ئەو 5000 ژنە ئێزیدیەیە کە بە دیل گیراون.دیزاینی گشتی کارەکە لە دیزاینی شوێنی لێکۆڵینەوە وگرتووخانەکانە دانانی لێکۆڵینەوە و بەڵگەنامەی زیندان و وێنەگرتنی ناسینەوەی تاوانکاری دەچێت ،لەڕووی ڕێبازی هونەرییەوە دەچێتە چوارچێوەی هونەری چەمکگەرایی وکارەکە ڤیدیو پیرفۆرمانسە هەروەها هونەری فێمینیستی، چونکە هونەرمەند باس لە پرسێکی هەمان ڕەگەزی خۆی دەکات ڕەگەزی مێ کە لە لایەن ڕێکخراوی تیرۆریستی داعشەوە کە ئاماژە بە داگیرکردنی شەنگال و گرتنی پێنج هەزار ژنی ئێزیدی دەکات

هونەرمەند هەوڵی داوە بە شێوەیەکی ڕوون و واقیعی ئەو کارەساتە پیشان بدات کە بەسەر خەڵکی شەنگال دا هات، بەتایبەتی ژنان و کچانی ئێزیدی. ئەو هونەرمەندە تیشک دەخاتە سەر ئەو دوو چەوساندنەوەیە کە ئەم ژنانە بەرگەییان گرت: سەرەتا لەسەر دەستی گرووپی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تیرۆریستی داعش، دواتریش لەناو پێکهاتەکانی خۆیاندا، بەناوی شەرەف و ئایین.هونەرمەند لەسەر ئەم کردە هونەرییەی وەها دەدوێت "ئەم پرۆژەیە کاردانەوەی کەسیی منە وەک ژنێک بەرامبەر بەم نادادپەروەریانە بەرامبەر بە تاوانی کوشتنی شەرەف بەگشتی، و بە گرنگیدانێکی تایبەت بە ئازارەکانی کچانی ئێزیدی دوای ڕفاندنیان.هەموو چیرۆکە جەرگبڕەکانی کوشتن و دەستدرێژی سێکسی و کڕین و فرۆشتنی ژنان لە بازاڕە ڕەشەکانی داعشدا لەم کارەدا ڕەنگ دەداتەوە. لەو بازاڕانەدا نرخی ژن بە جوانی و کچێنی دیاری دەکرا. هەندێک لەو ژنە ئازایانە توانیان هەڵبێن و بگەڕێنەوە بۆ خاکێک کە ناویان لێنابوو ‘ماڵ’ شوێنێک کە پێیانوابوو سەلامەتی پێشکەش دەکات. بەڵام لەبری ئەوە، زۆرێک ڕووبەڕووی قەیرانێکی نوێ بوونەتەوە: شەرمەزاری و سەرلێشێواوی و هەڕەشەی نوێبوونەوەی کوشتن و تۆقاندن بە بیانووی 'شەرەف' - ئەمجارەیان بە دەستی ئەندامانی خێزانەکەی خۆیان نەک دوژمن.لەم کۆمەڵگایەدا شەرەفی کۆمەڵگایەک بەستراوەتەوە بە جەستەی ژنەکەوە. نەبوونی ژنێک لە ‘ڕووخساری سوور’ هێمای پاکی وەک ڕەشبینی، وەک بێشەرەف سەیر دەکرێت، بەبێ گوێدانە ئەوەی کە ئایا بە زۆر پێشێلکاری کراوە یان نا. لەدەستدانی کچێنی لە ڕێگەی دەستدرێژی چەکدارانی داعشەوە بوو‌بێت، دراوسێکان، هاوڕێکانیان، یان کەسانی نامۆ، کۆمەڵگا تەنیا یەک ڕێگا بۆ ‘گەڕاندنەوەی’ شانازی پیاوانە پێشکەش دەکات: کوشتنی کچەکە خۆی، نەک سزادانی تاوانبارەکان.لێرەدا، تەنانەت کاتێک ژنان قوربانی دەبن، ئەوان تاوانبار دەکرێن - بارگرانییان لەسەرە بە هەڵگرتنی شەرمەزاری تەواوی نەتەوەیەک.ئەگەر لە هەر شوێنێک، لە هەر ئایینێکدا، کچێک بە ناوی شەرەفەوە تۆمەتبار بکرێت و بکوژرێت، ئەوا منیش، تاوانبار و بێشەرەفم.ئەگەر هەر ژنێک بەناوی ئایین یان ژیانی دوای مردنەوە بە ‘ڕووی ڕەش’ هەژمار بکرێت، چونکە هەڕەشەی لێکرابوو، ئەوا منیش، ڕووخسارم ڕەشم.ئەگەر هەر کچێک بەبێ ویستی خۆی هێمای شەرەف لەدەست بدات، من لە هاودەنگیدا دەستبەرداری 'ڕووخساری سوور'ی خۆم دەبم.ئەگەر هەر کچێک هێرش بکرێتە سەر یان شەرمەزار بکرێت، ئەوا منیش، دەستبەرداری جوانی و شانازی خۆم دەبم.برژانگە ڕەشە درێژەکانم قووت دەدەم و بە شانازییەوە بە تۆمەتبار دەوەستم.من ڕەتیدەکەمەوە قبوڵ بکەم کە ژن دەبێت خۆی بشارێتەوە بۆ ئەوەی پیاوان لە ئارەزووەکانی خۆی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بپارێزێت.من ئەو بیرۆکەیە ڕەتدەکەمەوە کە ژن لە ترسی سەرنجڕاکێشانی پیاوان دەبێت جوانی خۆی کەم بکاتەوە.وە من ڕەتیدەکەمەوە باوەڕ بکەم کە کچ دەبێت ئازار بچێژێت، بە قژیەوە هەڵواسێت، یان لە دۆزەخدا بسوتێت تەنها لەبەر بۆچوونی پیاوێک.بەم شێوەیە، من بە شانازییەوە تاوانباری قبوڵ دەکەم — تەنها لەبەر ئەوەی من ژنم".هونەرمەند لە کارە هونەریەکانیدا دوو وێنەی جیاواز دەخاتە ڕوو: فیگەرێک بە قژەوە، و فیگەرێکی دیکەی بێ قژ، جەخت لەسەر جیاوازییەکی توندی نێوان ئەو دووانە دەکاتەوە. لە ڕێگەی ئەم دژایەتییەوە بینەر وروژێنێت بۆ ئەوەی بیر لەو لەدەستدانە و ستەم و هێزی قووڵە بکەنەوە کە لە ئەزموونی ئەم ژنانەدا بەرجەستە بووە.

| | |
|---|---|
| **وێنەی ژمارە(٢)**<br>**هونەرمەند : دیاکۆ خاتوون**<br>**ناونیشان: پاکیزەیی**<br>**میدیەمی کارە هونەرییەکە: (پێرفۆرمانس )**<br>**ساڵ:٢٠١٧**<br>**شوێن: سلێمانی** |  |

بەرهەمی (پاکیزەی )هونەرمەند دیاکۆ خاتون لیرەدا شیکاریەکی وردی دەخەینە ڕوو لە ڕێگەی ئەم وێنەیەوە:لەم نمایشە هونەرییەدا هونەرمەند بۆ گەیاندنی مانا کەرەستەی تایبەت و توخمە بینراوەکان بەکاردەهێنێت. لە ڕێگەی ئەو دیدگایەی کە لە وێنەکەدا نیشان دراوە، دیارە کە لە چەند ئۆبژێکتێک پێکهاتووە لە (پەڕۆی خام، کەتەر . ڕەنگی ڕەش، خوێن، جەستەی هونەرمەند و بینەر )لە سەنتەری وێنەکە جێگیر کراون کە ڕاستەوخۆ سەرنجمان بۆ لای خۆی ڕادەکێشیت ،لە ناوەڕاستی وێنەکە ، قوماشێکی خاوی ڕەنگی سپی ڕێکخراوە و بە دەرگایەکەوە هەڵواسراوە، کە بەرزییەکەی دوو مەتر دەبێت و لە هۆڵێکی گەورەدا هەڵکەوتووە کە بە ڕووناکی سوور ڕووناک کراوە.هەروەهالەسەر قوماشە خاو ەو سپیەکە بە ڕەنگی ڕەش و و ڕەنگی سوور بەکارهێنراوە ،وەک دیارە کۆمەڵی خەتو هێڵی لەسەر نەخشێنراوە ،و ناوەڕاستی خامەکە دڕاوە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بە کەتەر بۆ شاییەکی گەورەی تیا کراوە ،وبوونی جەستەی هونەرمەند، لەگەڵ بینەر، پێکهاتەیەکی جەوهەری نمایشەکە پێکدەهێنێت. ئەوان لە خودی کارە هونەرییەکە جیا ناکرێنەوە، دەبنە بەشێکی دانەبڕاو لە مانا و ئەزموونەکەی.هونەرمەند کارەکەی بە شێوەیەک داڕشتووە کە فۆڕمی ئەندامی زاوزێی مێینە وەبیر بهێنێتەوە. قوماشی سپی خاو بە سێ ڕیزی یەک لە دوای یەک هەڵواسراوە، هەر ڕیزێک فۆرمێکی هاوشێوەی گرافیک لەسەر قوماشەکە دەکێشێت. لە کاتی نمایشەکەدا هونەرمەند بە بەکارهێنانی کەتەر دەست پێدەکات بۆ دڕاندنی قوماشەکە. لەکاتێکدا ئەو کارە دەکات، ڕەنگی سوری بەکار هێناوە بە شیوەی پەڵەی سور بەکارهێنانی ڕەنگی سوور بە ڕوونی ئاماژەیە بۆ خوێنی مرۆڤ لەسەر قوماشەکە دەردەکەون و هەر درزێک نیشانە دەدەن.دوای ئەم کردارە، هونەرمەند و دواتر بینەر، بەناو پەرۆی دڕاودا تێدەپەڕن. جەستەیان لەناو ڕووناکی سووردا نوقم دەبێت، هەستی جووڵە بەناو بۆشایی ناوەوەی جەستەدا جا چ وەک ناوەوەی مرۆڤ لێکبدرێتەوە یا خود وەک ڕەحمی کچێک ،تەواوی نمایشەکە لە ژوورێکی تاریکدا ڕوودەدات، نزیکایی و چڕی ئەزموونەکە بەرز دەکاتەوە.بەم شێوەیە بینەر تەنیا چاودێری کارەکە ناکات- ئەوان دەبنە بەشێک لێی. ئینستێلاسیۆنەکە بانگهێشتیان دەکات کە خۆیان بەناو ناوەوەی جەستەی کچێکدا خەیاڵ بکەن، هێڵەکانی نێوان چاودێر و بەشداربوو، جەستە و فەزا، گۆشت و قوماش کاڵ دەکەنەوە .لە ڕوانگەی هونەرییەوە، کارەکە لە چوارچێوەی چەمکگەرایی پۆستمۆدێرندا کاردەکات. لە هەمان کاتدا هونەرمەند میدیای پێرفۆرمانس بەکاردەهێنێت بۆ چارەسەرکردنی پرسێکی زەق و زەنگی ساتەوەختی هاوچەرخەکەی.دەتوانرێت بڵێین هەڵبژاردنی هونەرمەند بۆ بابەتێکی لەو جۆرە هەم لە ژێر کاریگەری ناسنامەی خۆیدا وەک پیاوێک و هەم لە ژێر کاریگەری هۆشیاری هونەری و کۆمەڵایەتییەکەیدایە. لە لایەکەوە ڕەنگدانەوەی پەرەسەندنی هونەری هاوچەرخە؛ لە لایەکی دیکەوە، خەریکبوونی هونەرمەند لەگەڵ پرسە بەپەلەکانی سەردەمی خۆیدا ئاشکرا دەکات- ئەو پرسانەی کە نەک تەنها کاریگەرییان لەسەر خۆی بەڵکو هەموو تاکەکانی ناو کۆمەڵگا هەیە. هەروەها پاشخانی جوگرافی و کولتووری، لەگەڵ ئەزموونە کەسییەکانی، ڕۆڵێکی بەرچاو لە داڕشتنی کارەکەدا دەگێڕن.هونەرمەند لە بیرکردنەوە لە کارەکە دەڵێت: "من ڕەخنە دەگرم و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پرسیار دەکەم- بۆچی دەبێت ژن، یان بەشێک لە جەستەی ژن، نوێنەرایەتی شەرەفی پیاو بکات؟ ئەوە لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت؟" هونەرمەند لە ڕێگەی ئەم نمایشەوە، بە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو بیرۆکەیەی کە جەستەی ژن- یان تەنانەت تاکە بەشێکی- دەتوانرێت وەک شەرەفی نێرێک بکرێت، بەدواداچوون بۆ بابەتەکانی یەکسانی جێندەری و فێمینیزم دەکات. ئەو بەرەنگاری لۆژیکی پشت ئەم تێڕوانینە دەکات، ئەمەش هاندەری بیرکردنەوەیەکی قووڵتر و پرسیاری زیاترە. لە کۆتاییدا ئامانجی کارەکە هەڵوەشاندنەوەی ئەو گێڕانەوەیە ستەمکارانە و بەشداریکردنە لە تێگەیشتنێکی فراوانتر لە ماف و دەزگای ژنان.

| | |
|---|---|
| **نمونەی (٣)**<br>**هونەرمەند : سەنگەر قوباد**<br>**ناونیشان :دەنگم لە موو باریکترە**<br>**میدییەمی کارە هونەرییەکە: پیرفۆرمانس**<br>**ساڵ:٢٠١٩**<br>**شوێن :کەرکوک** |  |

بەرهەمی (دەنگم لە موو باریکترە ) هونەرمەند سەنگەر قوباد لیرەدا شیکاریەکی وردی دەخەینە ڕوو لە ڕێگەی ئەم وێنەیەوە؛لەم نمایشەدا لەڕێگەی ئەو دیدگا ییەی کە لە وێنەکەدا نیشان دراوە ، پێکهاتووە لە چەند ئۆبژێکتێکی جیاواز ئەوانیش بریتیەلە (کورسی،جەستە،بینەر،پەت ،کوپ ،قتوو) لە وێنەکەدا سێ فیگەر مان هەیە کە سەنتەری وینەکەن کە ڕاستەو خۆ سەرنجی بینەر ڕوبوڕوی بابەتەکە دەبیتەوە،کە ئەوانیش دوو فیگەریان مێن کە بەرامبەر یەکتر لەسەر کورسیەک دانیشتوون ،کە فیگەرێکیان بلوسیکی ڕەش و پانتۆڵێکی کاوبۆی لەبەردایە کە دەستی بە دەمیەوە گرتووە کە قاپێکی ئاسکریمی پێیە کە پەتێکی پێوەیە ڕاکیشراوە بۆ قاپە ئاسکریمەکەی دەستی فیگەرەکەی بەرامبەری کە ئەویش گرتویەتی بە گوێوەیەوە ،کە بلوسیکی پەمەیی و پانتۆلیکی ڕەشی و پێلاوێکی پەمەی پۆشیوە ،کە لە ڕێگەی دوو قاپی ئایس کریمەکەوە دەنگی دوو فیگەر بە یەکتر دەگەیەنن ،و هەروەها فیگەرێکی نێر لە دەوریان دەسوریتەوە کە دوو قتوی شیری لە ژێر پێی دانراوە کە بەستویەتی بە قاچیەوە کە بەدەوری

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

فیگەرە مێکاندا دەسوریتەوە ،کە کراسێکی سپی و پانتۆڵێکی ڕەشی پۆشیوە ،لە فەزایەکی گشتی دا و روناکیەکی زۆر .هونەرمەند لەم نواندنەیدا بەجۆریک دیزاینی بۆ کارەکەی ئەنجامداوە ،دەرخستنی دەنگی ژنان بە هۆی باڵا دەستی و ژاوەژاوی بێدەنگی پیاوانەوە بێدەنگ دەکرێن یا ن نەبینراون ،کە کاری لەسەر زیندووکردنەوەی یارییەکی کۆنی شاری کەرکوک و ناوچەکە کردووە ، بریتیە لە گەمەی قاپقاپێن وتەلەفونی دەزووە باریکە قاپ قاپێن دوو قوتووی شیرە پەتێکی لێ هەڵدەکێشرێ و هەردوو پێی دەخرێتە سەر و پرۆسەی پێکردنی پێ ئەنجام دەدرێت ،تەلەفونی دەزووە باریکەیش پێکهاتووە لە دوو قاپی شەفافی ئاسکرێم و دەزویەکی باریک لە نێوانیاندایە کە دەنگی دوو فیگەر دەگەیەنێت ،کە دووفیگەری مێ بەرامبەر یەک دانیشتوون و لە ڕێگەی تەلەفونی دەزووە باریکەوە گفتوگۆی مێینەی خۆیان دەکەن باس و خواستی ڕۆژانەی خۆیان دەکەن ،کە بینەر بە ڕونی دەنگیان نابیستی ،چونکە لێوەکانیان کەوتۆتە دیوی ناوەوەی قاپە ئاسکریمەکە ،کە ڕەگەزی نێرەکە لەڕێگەی قاپقاپێنەوە کە بە دەوریان دەسوریتەوە تەقەتەق وژاوەژاویان بۆ دروست دەکات .لە ڕووی ڕێبازی هونەرییەوە دەچنە چوارچێوەی هونەری چەمکگەرایی ، و لە هەمان کاتدا سەر بە ڕەوتی هونەری فێمنیزییە،هونەرمەند میدیەمی پیرفۆرمانسی بۆ گوزارشت کردن لە پرسێکی نێو کۆمەڵگا بەکارهێناوە ،کە باس لە ڕەگەزی مێ و گفتوگۆی ژیانی ڕۆژانەیان دەکات دەکرێت بڵێین هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتێکی وەها بۆ هونەرمەندێک ،کە جێندەری نێر بێت ،دەگەڕێتەوە بۆ پێشکەوتنی هونەرمەندەکە و هەروەها ئاگای هونەرمەند بۆ پرسی ئێستای و گرنگیەکانی سەردەم ،وەک خۆی دەربارەی کارەکە دەدوێت ،هەمیشە لە کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتییەکان ڕەگەزی نێر سەرئێشەو ژاوەژاوکارن بۆ ڕەگەزی مێ و دەرفەت نادەن گفتوگۆی مێینەی خۆیان ئەنجام بدەن و تەداخولی کۆی گشتی ژیانی مێینەی دەکەن ،تەنانەت دەنگیشیان دەپچڕێنن،و هەروەها ناونیشانی پێرفۆرمانسەکە لە قسەی دڵی فیگەرە مێینەکانەوە هاتووە ،ئەوان دەڵێن "دەنگمان لە موو باریکترە "بەوەی لە واقیعی ژیاندا دەنگیان زۆر باریکە و نێرەکان ،هەرکاتێک بیانەوێ دەنگیان دەپچرن،هەروەها ئەودەزووەی دەنگیان بەیەکتری دەگەیەنێت زۆر باریکە و هەر دەنگێکیش بەو دەزووەدا تێپەڕێت باریک دەبێتەوە و باریک دەبیستریت .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ٤.١.٤ ئەنجام و دەرئەنجام :

لە ئەنجامی شیکردنەوەی نموونەکانی بەشی سێیەم توێژەر گەیشتە ئەم ئەنجامانەی لای خوارەوە :

1. هونەری پیرفۆرمانس بابەتێکی نوێیەبۆ  تێکەڵبوونی بە کلتورو کۆمەڵگای کوردی کاتیی دەوێت ،هەربۆیە دەرکەوتنونی کاریگەریەکانی دەکەوێتە دوای دووهەزارەکان هەروەک نمونەی شیکردنەوەکانمان کە لە بەشیی سێیەم هەڵمان بژاردون لە نێوان ساڵانی ٢٠١٥_٢٠١٩
2. ئەوەی لە ئەنجامدا پێیگەیشتین هونەرمەندانی کورد لە ڕێگەی هونەری هاوچەرخەوە بەتایبەتی هونەری پیرفۆرمانس باشتر گوزارشت لە کێشەو گرفتەکانی کۆمەڵگا دەگرن وەک گرفتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاینی ئەمەش لە نمونەکانی(١،٢،٣) دا
3. پەیبردن بۆبەکارهێنانی  جەستە بە شێوەیەکی ئاشکرا ڕەنگیداوەتەوە لە نێو کارە پیرفۆرمانسەکانی هونەرمەندانی کورد وەک نمونەکانی بەشیی سێیەم ژمارە(١)
4. درکردنی بینەرو بەشدارپێکردن لە کارەکاندا  مانای هەبونی ئاستیکی باشە بۆ تێگەیشتنی کۆمەڵگا بۆ کاری هونەری هاوچەرخ ،هەڵبەت  بینەر توخمێکی گرنگی هونەری نمایشە هەر بۆیە  تەنها تەماشاکەر نیە بەڵکوو بە پێچەوانەی هونەریەکانی نەریتیەوەیە بینەر بەشداربویەکی چالاکانەیە  وەک لە نمونەی (٢)دا دیارە
5. پرسی ژنان وکاریگەری و کارکرن بە میدیەمی پیرفۆرمانس بۆ داکۆکیکردن لە ژنان لە نێو کاری هونەرمەنداندا کە ئەمەش لە نمونەکانی ژمارە(٢،٣)
6. پرسی یەکسانی جێندەری لە نێو هونەری پیرفۆرمانسدا ڕەنگیداوەتەوە وەک نمونەکەی (١،٢ )
7. تەکنیک و دارشتنی هونەری نمایش بە شێوەیەکی گشتی خۆی لە کارەکانی پێشوتر جیا دەکاتەوە. بە پێچەوانەی فۆرمەکانی هونەری نەریتی  کە سەرنجیان لەسەر شتە دەرەکییەکان و بابەتە مادییەکان بوو، هونەری نمایش کۆمەڵگا و سوژەی مرۆڤ - وردتر جەستەی هونەرمەند خۆی - دەخاتە پێشەوەی کارە هونەرییەکە. لە دۆخێکی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئاوادا جەستە وێنا ناکرێت بەڵکو دەبێتە توخمێکی چالاک و زیندوو لەناو کارە هونەریەکانیدا

**٢،٤دەرئەنجامی توێژینەوەکە :**

**بە پشتبەستن بەو ئەنجامانەی کەوا توێژەر پێگەیشتووە، توانیویەتی بەم دەرئەنجامانە بگات**

1. سەرهەڵدانی هونەری پیرفۆرمانس لە نێو کورددا تاڕادەیەکی زۆر بە هۆی کاریگەریی و هاتنی ئەو هونەرمەندانەوە بوو کە ئارەزووی گەڕان بەدوای فۆرم و هونەری نوێوە بوون
2. هونەری پڕۆفۆرمانس لە نێو هونەرمەندانی هاوچەرخی کورددا تایبەتمەندی و شوناسی ناوازەی بەرجەستە دەکات ، لە هەرێمی کوردستان کەبە هەوڵی چالاکوانانی ناوخۆیی و ڕێکخراوە بیانییەکان و هەروەها لە ڕێگەی پرۆژە و چالاکییە ڕۆشنبیرییەکانی جۆراوجۆرەوە گەیشتووەتە ڕۆشنبیران و خوێنەران و هونەرمەندان.
3. گەشەکردن و ناساندنی هونەری پیرفۆرمانس کاریگەرە بە بەشداری چالاکانەی هونەرمەندان بەکارهێنانی ماترياڵی جیاواز لە پێشانگاکان و ناساندنی میدیای نوێ وەک هونەری ڤیدیۆیی و ئینستێلاسیۆن
4. هونەری پیرفۆرمانس وەک میدیۆمیکی هونەری بایەخێکی زۆر دەدات بە کاری هونەری لە سیاقی پرسی ئاینی وسیاسی و ڕەگەز وسیاسەت ،کە لەم ڕیگایەوە هونەری پیرفۆرمانس سەری هەلدا بەتایبەت هزری سیاسی
5. گۆڕینی ئاراستەی هونەری لە ڕێگەی میدیۆمی(پیرفۆرمانس )لە ئەنجامدانی کاری هونەری لە گەلەری و هۆڵە داخراوەکاندا بۆ نێو گشتی خەڵک ،هەروەها بەشداریکردنی بینەر لە نێو کاری هونەریدا
6. پێرفۆرمانس وەک چەمکێکی هونەری نوێ، دەریدەخات کەتا ڕادەیاکی زۆر باش لەکارە هونەرییەکانی هونەرمەندانی کورد بەرجەستە بووە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### ٣.٤ڕاسپاردن:

لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامی توێژینەوەکە، توێژەر راسپاردەی ئەمانەی خوارەوە دەکات:

– کارکردن بۆ ئەنجامدانی بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی لە شێوەی ئەڵقەی زنجیرەیی تایبەت بە کارە هونەریەکانی هونەرمەندانی هاوچەرخی کوردیدا، بۆ ئەوەی زۆرترین خەڵک کارە هونەریەکانی ئەو هونەرمەندانە بناسێت.
– پەرەپێدان و فێرکردنی زیاتر سەبارەت بە ڕێبازەکانی هونەری هاوچەرخ بۆ قوتابیانی کۆلێژی هونەرە جوانەکان.
– هەبوونی گۆڤارێکی تایبەت بە هونەری هاوچەرخ،

### ٤.٤ پێشنیارەکان :

لە کۆتایی تەواوبوونی ئەم تۆیژینەوەیە، توێژەر هەندێک پێشنیاز دەخاتەڕوو لە بواری توێژینەوەی زانستی تایبەت بە هونەری هاوچەرخ وەک ئەمانەی خوارەوە:

- ڤیدیۆ ئارت لە هونەری هاوچەرخی کورددا
- ئەنەستەلیشن لە هونەری هاوچەرخی کورددا
- تایبەتمەندیەکانی هونەری لاند ئارت لە هونەری هاوچەرخی کورددا

## ٥.سەرچاوەکان

### سەرچاوەی کتێب بە زمانی بیانی :

Kristine Stiles and Peter Selz. (1996). *Theories and Documents of Contemporary Art: A Sourcebook of Artists' Writings".* Berkeley: University of California Press.
Nato Thompson. (2012). *Living as Form: Socially Engaged Art from 1991–2011* (1st ed.). New York: The MIT Press.
Panayiota Chrysochou, et al. (2013). *Performing Identity and Gender in Literature, Theatre and the Visual Arts* (1st Edition ed.). Newcastle upon Tyne: Cambridge Scholars Publishing.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print) :ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی

Andrè Lepecki, E. M.-H. (2007). *Allan Kaprow: 18 Happenings in 6 Parts* (First Edition ed.). Göttingen: Steidl/Hauser & Wirth.

Avorgbedor, D. K. (2003). *"The Interrelatedness of Music, Religion, and Ritual in African Performance Practice"* (Illustrated Edition ed.). Lewiston, New York: Edwin Mellen Press.

Bishop, C. (2006). *Participation* (First edition ed.). London: Whitechapel Gallery and MIT Press.

Bishop, C. (2012). *Artificial Hells: Participatory Art and the Politics of Spectatorship* (1st ed.). London & New York: Verso.

Ezrahi, Y. (2012). *The Performing Arts and the Performance of Politics" (Chapter 7 in Imagined Democracies: Necessary Political Fictions).* Cambridge: Cambridge University Press.

García-López, G. G.-P. (2020). *La Pocha Nostra: A Handbook for the Rebel Artist in a Post-Democratic Society.* (P. Martinez-Cruz, Ed.) New York: Routledge.

Goldberg, R. (2011). *Performance Art: From Futurism to the Present* (Revised and Expanded Edition ed.). london: Thames & Hudson.

Goldberg, R. (2011). *Performance Art; From Futurism to the Present* (Third Edition ed.). London: Thames&Hudson.

Hayden, B. (2018). *"The Power of Ritual in Prehistory: Secret Societies and Origins of Social Complexity"* (First ed.). Cambridge: Cambridge University Press.

Heathfield, A. (2004). *Live Art and Performance* (Edition, 1st ed.). London: Tate Publishing.

History, A. f. (2020). 'The Personal Clutter… The Painterly Mess…' Tracing a History of Carolee Schneemann's Interior Scroll. *Art History, 43*(5), 984-1006.

Jackson, S. (2011). *Social Works: Performing Art, Supporting Publics.* New York: Routledge.

Jones, A. (1998). *Body Art;performing the Subject.* Minneapolis: University of Minnesota Press.

Kalyoncu, N. (2017). Gender and Its Representation in Contemporary Arts. p. 2.

Kershaw, B. (1992). *: "The Politics of Performance: Radical Theatre as Cultural Intervention".* London & New York: Routledge.

*Materializing Religion: Expression, Performance and Ritual.* (2006). Aldershot: Ashgate Publishing.

McGowan, M. M. (2008). *“Dance in the Renaissance: European Fashion, French Obsession”.* New Haven, Connecticut: Yale University Press.

Mui, L. R. (1995). *The Biblical Drama of Medieval Europe.* Cambridge,: Cambridge University Press.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

Nielsen, I. (2002). *Cultic Theatres and Ritual Drama in Ancient Mesopotamia.* Aarhus: Aarhus University Press.
Oskar Schlemmer, L. M.-N. (1961 (originally written in the 1920s)). *The Theater of the Bauhaus.* Middletown, CT: Wesleyan University Press.
Paul, C. (2023). *Digital Art* (Fourth edition ed.). London: Thames &Hudson.
potter, m. (2010). *Oskar Schlemmer:The Artist and the stage.* hatje cantz.
Reed, :. T. (2005). *The Art of Protest: Culture and Activism from the Civil Rights Movement to the Streets of Seattle* (1st ed.). Minneapolis, MN: University of Minnesota Press.
Schneemann, C. (2002). *Imaging Her Erotic;Essays,Interviews,Projects* (1st Edition ed.). Cambridge,MA: MIT Press.
Schneider, R. (1997). *The Eplicit Body in Performance.* London and New York: Routledge.
Shandler, J. (2009). *Allan kaprow;Art as Life* (First edition ed.). Berkelely,California.
smith, T. (2009). *What is Contemporary Art?* University of Chicago Press.
Teeter, E. (2011). *Religion and Ritual in Ancient Egypt* (1st edition ed.). Cambridge: Cambridge University Press.
Tiampo, R. T. (2015). *Shiraga Kazuo,Challenging Mud (doro ni idomu)* (first edition ed.). New York.: Mnuchin Gallery.
Tomii, R. (2000). *The Gutai Art Movment* (First edition ed.). New Haven: Yale University.

چاوپێکەوتن و دیداری هونەری:
پۆشیا کاکل) .٢٠٢٤, ١٣ ٩. (گفتوگۆ دەربارەی کارە پیرفۆرمانسەکانی) .ترێ شوان , لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە.
ڕێزان بەتوولە) .٢٠٢٤, ١٣ ٩. (گفتووگۆ لەسەر کارە پیرفۆرمانسەکانی) .ترێ شوان, لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان.
شیروان خان) .٢٠٢٠. (هونەر لە بازنەدا پرۆژەی سفر-دیدار لەگەل هونەرمەند شیروان خان لە لایەن ئاڤان عمر.
گەیلان عەبدولا) .٢٠٢٤, ١٢ ٩. (گفتوو دەربارەی کارە پیرفۆرمانسەکەی) .ترێ شوان ,لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەحمەد نەبەز) .٢٠٢٤, ٣ ١٢ .(گفتوگۆ لەسەر کاری پیرفۆرمانس) .ترێ شوان ,لە ڕێگەی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان.

**سەرچاوەی کتێب بە زمانی کوردی :**

(فەرهاد پیربال) .٢٠٠٦ .(*مێژووی هونەری شێوەکاری لە کوردستاندا لە کۆنەوە تا پەنجاکان* )چاپی یەکەم .edهەولێر :دەزگای مێرگ.
(ئارام،محمدی) .٢٠١٧ .(*هونەری مۆدێرن و هاوچەرخ* .کەرەج :چاپەمەنی مانگ
(.سوزی ,ە) .٢٠١٧ .(*مێژووی هونەری شێوەکاری* .سلێمانی :خەزالنوس

---

# The Role of Performance in the Dynamics of Contemporary Kurdish Art

**Tre Shwan Abdullah**
Department of Art, College of Art, Salahaddin University - Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Email: Tre.abdullah@su.edu.krd

**Asst. Prof. Dr. Sami Ismail Mustafa**
Department of Art, College of Art, Salahaddin University - Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Email: Sami.mustafa@su.edu.krd

## Abstract:
This research is an exploration of The Role of Performance in the Dynamics of Contemporary Kurdish Art, consisting of four main parts. The First Part is dedicated to the special factors of the general frame of the research, including the Problem of Research, the Importance of Research, the Aim of Research, the Outline of Research, and how the terminologies are defined. In the Problem of Research, three questions were presented. The First Question is: Did the Art of Performance among the Kurdish modern Artists exceed a limit in which it

ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print) :ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی

embodied its unique identity and specialty? The Second Question is: To what extent was the Art of Performance as a new artistic terminology, embodied in the artificial works of the Kurdish Artists? The third question is: Is the art of performance of Kurdish artists in harmony with the social conditions of Kurdish society? Some terminologies were abbreviated to refer to the importance of the research. The most important ones shed light on the different causes of the invention and the importance of the Art of Performance in the Kurdish Culture. The Aim of this Research was collected discoveries and present the specialties of the Art of Performance in Kurdish Modern Art, and then the Outline of the Research and the terminologies were selected. The Second Part of this Research was dedicated to the theoretical side of the research which was divided into four main factors. The first is the Terminology of Performance. The Second is the Thought and the Factors of Performance. The third is the Art of Performance and its History. The fourth is an Introduction of Inventing Performance in Kurdish Art and selecting the references of the theoretical frame.The Third Part was dedicated to the Procedures of Research including the Society of Research, the Examples of Research, the Creed of Research, the Instrument of Research, and Clarifying the Examples of Research including three examples which the researcher took from the artificial works of the research frame.The Fourth Part was dedicated to the Aim of Research in which the researcher got some results like the following

1- Inventing the Art of Performance in Kurdish Art, to a lot of extent, is because and coming of those artists who were fond of researching this form of art.

2- The Art of Performance among the Kurdish Modern Artists has reached a level at which it embodied its unique identity and specialty especially after (2015) and from on. In the Kurdistan Region, domestic activists and foreign organizations tried to familiarize the intellectuals, the readers and the artists with the Art of Performance through the intellectual projects and activities.

3- The artists participated actively through using different materials in the exhibitions and introducing new mass media like the art of videos and installations. This was a significant contribution to developing and introducing the Art of Performance.

4- The artists publicized topics and texts through holding debates and workshops on modern mass media, and they tried to raise the level of intellectualism

between both common people and the intellectual society for working on Modern Art.

5- The Art of Performance as an artistic medium over-mind a lot about the artistic work in the context of the religious and political matters, gender, and policy. In this way, the Art of Performance rose especially for Political Thought.

***Keywords:*** Roll, Performance, Contemporary Art

## دور الأداء في ديناميكيات الفن المعاصر الكردي

**ملخص:**

هذا البحث هو بمثابة دراسة تحليلية بعنوان "دور الأداء في ديناميكيات الفن المعاصر الكردي"، ويتكون من أربعة أقسام رئيسية. القسم الأول يتناول الجوانب العامة للإطار النظري للبحث، ويتضمن مشكلة البحث، أهمية البحث، أهداف البحث، حدود البحث، وتعريف المصطلحات. من خلال مشكلة البحث طُرحت ثلاثة تساؤلات:

1. هل وصل فن الأداء بين الفنانين الكرد إلى مستوى يُظهر تميزًا وهوية خاصة بارزة؟
2. إلى أي مدى كان فن الأداء كونه أحد الفنون المعاصرة عنصرًا بارزًا في ممارسات الفنانين الكرد؟
3. هل ينسجم فن الأداء الذي يقدمه الفنانون الكرد مع السياق الاجتماعي والثقافي للمجتمع الكردي؟

أما بالنسبة لأهمية البحث، فقد تم تسليط الضوء على عدة محاور، أبرزها دراسة الأسباب المختلفة التي ساهمت في بروز فن الأداء وأهميته في الثقافة الكردية. كما أن هدف هذا البحث يتمثل في اكتشاف وتحليل خصائص فن الأداء داخل الفن المعاصر الكردي، ثم تحديد حدود البحث والمصطلحات النظرية المعتمدة.أما الجانب النظري لهذا البحث، فقد خُصص له القسم الثاني، وقُسّم إلى أربعة محاور أساسية: المحور الأول هو مفهوم فن الأداء، الثاني الأفكار والمبادئ المرتبطة به، الثالث تاريخ فن الأداء، والرابع هو البدايات الأولى لظهور فن الأداء في الفن الكردي، إلى جانب تحديد أبرز ملامح الإطار النظري. القسم الثالث خُصص للمنهجية المتبعة في هذا البحث، ويتضمن مجتمع البحث، عيناته، منهج البحث، أدواته، وتحليل نماذج الأعمال الفنية التي بلغ عددها ثلاث عينات، تم اختيارها ضمن حدود البحث، والتي استند إليها الباحث في تحليل مضمون العمل الفني ضمن الإطار المحدد. في القسم الرابع تم عرض نتائج البحث، حيث توصل الباحث إلى عدة نتائج، من أبرزها:

1. أن نشوء فن الأداء في الوسط الفني الكردي كان بدرجة كبيرة نتيجة تأثير وظهور فنانين كانت لديهم الرغبة في تبني هذا الأسلوب الفني.
2. أن فن الأداء بين الفنانين الكرد بلغ مستوى من التميز والهوية الخاصة، خاصة بعد عام 2015، في إقليم كردستان، نتيجة جهود فاعلين محليين ومنظمات دولية، وكذلك من خلال مشاريع ونشاطات ثقافية متنوعة وصلت إلى المفكرين، القراء، والفنانين.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

3. أن المشاركة الفاعلة للفنانين في استخدام مواد مختلفة في المعارض الفنية، وتبني وسائل إعلامية جديدة مثل الفيديو آرت وفن التنصيب، ساهمت بوضوح في تطور وانتشار فن الأداء.
4. أن الفنانين من خلال ورش العمل والنقاشات عبر وسائل الإعلام المتنوعة، نشروا نصوصًا ومواضيع تهدف إلى رفع مستوى الوعي بين الناس والمجتمع الثقافي، بهدف دعم الفن المعاصر.
5. أن فن الأداء كوسيط فني أتاح للفنانين مساحة كبيرة للتعبير ضمن السياقات الدينية والسياسية والعرقية، ومن هذا المنطلق برز فن الأداء بشكل خاص بوصفه تعبيرًا عن الحس السياسي.